Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C28

# ڕەمزی کەلەپووری لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا

**سروشت جەوهەر حەویز**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

**ڕەمز، کەلەپوور، ئەفسانە، کەلتوور، پەندی پێشینان، داستان**

**Corresponding Author**

srusht.jawhar@koyauniversity.org

**پوختە:**

ڕەمز یەکێکە لەو دیاردانەی ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، لە شیعردا و بەتایبەتی لە شیعری هاوچەرخدا،شاعیر دەیەوێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیامەکەی بگەیێنێت، بۆئەم مەبەستەش پشت بەئەفسانەی میللی و جیهانی و کەلەپوورو کەلتووری و ئایینی و مێژوویی و .....هتد دەبەستێ، تاکو سیمای نوێ بە شیعرەکە ببەخشێ، خستنەڕووی تێڕوانینی شاعیرە لە گۆڕینی دالەکان و پەیوەندییە کۆنەکانی و بنیادنانی پەیوەندی تازەو ئەبستراکتی کردنی دالەکان بە مەبەستی گۆڕینی ئاڕاستەی ڕەمزەکە، کەلەپووریش ڕەگوڕیشەیەکی پتەو و لە مێژینەی مێژوویی لەنێو نەتەوەی کورددا هەیە، ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤ بووە، کەلە چەندین ژانری جۆراوجۆر پێکهاتووە لەوانە داستان و حیکایەت و ئەفسانە و..هتد شاعیرانیش بەبەرگێکی نوێوە وەکو ڕەمز لەشیعرەکانیان دایدەڕێژن و سیمایەکی نوێی پێ دەبەخشن. ڕەمزی کەلەپووری لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی چەمکی ڕەمزو ڕێبازی ڕەمزی و ڕەمزی کەلەپووری بەشێوەیەکی زانستیانە، بەپراکتیزەکردنی لە شیعردا، تیشکمان خستۆتە سەر شیعرەکانی شاعیر وەکو دەریایەکی قوڵ پڕە لە جۆرەها ڕەمزی کەلەپووری. ئامانج لەم توێژینەوەیەدا دەرخستنی بنەماو ڕەهەندەکانی ڕەمزی کەلەپووری و ڕۆڵ و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی شاعیردا. پێکهاتەی کارەکەشمان، لە پێشەکییەک و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە. بەشی یەکەم: چەمك و زاراوەی ڕەمز، سەرەتاکانی ڕەمز و ڕێبازی ڕەمزی، ڕەمزو کەلەپوور. بەشی دووەم: جۆرەکانی ڕەمزی کەلەپووری لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا خراوەتەڕوو: لەوانە ئەفسانە، کەلتوور، داستان، پەندی پێشینان، حیکایەت، گۆرانی فۆلکلۆری.

## پێشەکی:

ڕەمز دیاردەیەکە لە شیعردا و بەتایبەتی لە شیعری هاوچەرخدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، لە بنیادی شیعردا، بەشێوەیەکی چڕوپڕ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و پشت بەئەفسانەی میللی و جیهانی و کەلەپووری و ئایینی و مێژوویی و .....هتد دەبەستێ، تاکو سیمای نوێ بە شیعرەکە ببەخشێ، شاعیر دەیەوێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیامەکەی بگەیێنێت، پرۆسەیەکی کاریگەرو ئاڵۆزە، بەپێی ئەو حاڵەتە دەروونییەی کە گوزارشتی لێدەکرێت، دەکەوێتە ژێر چەندین پێوانەی هەمەجۆر بەمەبەستی خوڵقاندنی ڕەمزێکی دیاریکراو، سەرباری خستنەڕووی تێڕوانینی شاعیرو گۆڕینی پەیوەندییە کۆنەکانی و بنیادنانی پەیوەندی تازەو ئەبستراکتی کردنی دالەکان بە مەبەستی گۆڕینی ئاڕاستەی ڕەمزەکە، واتە گواستنەوەی لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر، بەکارهێنانیشی دەگەڕێتەوە بۆ باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست بە هۆی باری نالەباری کوردستان لە گشت ڕووەکانەوە پەیامی شاعیران بە شاراوەیی خرابوونەڕوو، کە خۆی لە جۆرەها ڕەمزی پڕ واتاو قوڵ دەدا، کەلەپووریش ڕەگوڕیشەیەکی پتەو و لە مێژینەی مێژوویی لە نێو نەتەوەی کورددا هەیە، ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤ بووە کەلە چەندین ژانری جۆراوجۆر پێکهاتووە لەوانە داستان وحیکایەت و ئەفسانەو...هتد شاعیرانیش بەبەرگێکی نوێوە وەکو ڕەمز لەشیعرەکانیان دایدەڕێژن و سیمایەکی نوێی پێ دەبەخشن، مەبەستمان لەم لێکۆڵینەوەدا دەستنیشانکردنی چەمکی ڕەمزی کەلەپووری و ڕێبازی ڕەمزی و جۆرەکانیەتی بەشێوەیەکی زانستییانە. لێرەدا دیاردەکانی ڕەمزی کەلەپووری لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)([1])دا ڕاستەوخۆ ئەو بوارەی لەبەردەم لێکۆڵینەوە کەماندا دەکاتەوە. ڕەمزی کەلەپووری لای شاعیر بەهەڵبژاردەی نمونەی شیعرەکانی، هەوڵێکە بۆخوێندنەوەی شیعرەکانی ئەو شاعیرە.

---

[1] 1. (لەتیف هەڵمەت)ناوی تەواوی(لەتیف مەحمود محەمەد حەسەن)کەسنەزانییە، لە ساڵی 1947 لەشاری کفری لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیرو ئەدیب دۆست و ئایین پەروەری سەربەڕێبازی قادرییە، کە ڕێبازێکی ئایینی سۆفیزمییە لە دایکبووە، لە قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنیدا حەزی بەخوێندنەوەی چیرۆک و داستان و ... کردووە، دواتر دەستی بەخوێندنەوەی کەڵە شاعیرانی کلاسیک و ئەدەبیاتی

**ئامانج** لەم توێژینەوەیەدا دەرخستنی بنەماو ڕەهەندەکانی ڕەمزی کەلەپووری و ڕۆڵی لە شیعرەکانی شاعیردا و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا.

**سنوری لێکۆڵینەوەکەشمان** تایبەتە بە چەمکی ڕەمزو ڕەمزی کەلەپووری لە شیعردا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی** ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شیکردنەوەی قوڵ لەم لایەنەوە لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت) نەکراوە، جا بۆیە بە پێویستمان زانی لەم ڕەگەزە هونەرییە بکۆڵینەوە، تیشك و ڕووناکی بخەینە سەر شیعرەکانی شاعیر وەکو دەریایەکی قوڵ پڕە لە جۆرەها ڕەمزی کەلەپووری.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە** لە نوسینی ئەم لێکۆلینەوەیەدا پەیرەوی ڕێبازی مێژوویی، ڕەخنەیی شیکاریی پراکتیکی کراوە، بۆنموونە ڕێبازی مێژوویی لەباسکردنی مێژووی ڕێبازی ڕەمزی خۆی دەنوێنێ، ڕێبازی شیکاریی سوودی خۆی بینیوە، لە شیکاریکردن و خستنەڕووی سروشتی ڕەمزو شێوازی ئەو هۆنراوانەی بەهەناسەیەکی ڕەمزئامێزەوە لەلایەن شاعیرەوە داڕێژراون، هەروەها ڕێبازێکی ڕەخنەییش سوودو کاریگەری خۆی هەبووە، لەتێڕوانینی ڕەخنەیی خۆمان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی شیعری شاعیر لەبەرجەستەکردنی ڕەمزی کەلەپووری و جۆرەکانی لە نێو شیعرەکانیدا.

**پێکهاتەی کارەکەشمان** بەم جۆرە دارشتووە ، جگە لەم پێشەکییە لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە. بەشی یەکەم : چەمك و زاراوەی ڕەمز، سەرەتاکانی ڕەمز و ڕێبازی ڕەمزی، ڕەمزو کەلەپوور. لەبەشی دووەمیشدا: جۆرەکانی ڕەمزی کەلەپووری لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا خراوەتەڕوو: لەوانە ئەفسانە، کەلتوور، داستان، پەندی پێشینان، حیکایەت، گۆرانی فۆلکلۆری.

## بەشی یەکەم: ڕەمز و کەلەپوور

### تەوەری یەکەم : چەمك و زاراوەی ڕەمز

ڕەمز لە زمانی ئینگلیزیدا (Symbol)لە زمانی فەرەنسیشدا (Symbole)ی بۆ بەکارهاتووە ، بە واتای کۆکردنەوە یا هاوبەشی دوو شت لە یەك ڕێرەودا و یەکبوونیان، بەواتای ڕەمز و واتاکەی.(الایوبی،1982، 8) واتا کۆکردنەوەی زیاتر لە واتاو دەلالەتێك لە پەنا ئەو وشانەی شاعیر بەکاریان دەهێنێ ، یا بەمانای هاوبەشی و یەکگرتنی دوو شتە لەیەك ڕوانگەدا ، شتێکە لەبری شتێکی تر، ئەمەش لەبەیەکداچوونی دوو شت دروست دەبێت یەکێکیان ئاشکراو ئەویتریان شاراوە، واتە یەکێکیان ڕاستەوخۆ وشەکان دەیبەخشن و خوێنەری شارەزاو ناشارەزا وەریدەگرێت ، ئەویتریان ناڕاستەوخۆیە وشەکان ئاماژەی بۆ دەکەن و ڕستەکانیش سروشی دەدەنێ. کەواتە سمبول یا ڕەمز لەئەدەبدا ئاماژەکردنە بە وشەیەك کەمانایەکی دیارینەکراوی هەیە، پێویستی بە ئاستی خوێنەر هەیە بۆناسینەوەو تێگەیشتنی ماناکەی ، هەر خوێنەرەی بەجیاواز لایەنەکانی مانا دەردەخەن یان لێی تێدەگەن(سەرچاوەی پێشوو،ل8-9) . لە((زمانی فارسیدا زاراوەی (رمز) یا (سمبل) بەکارهاتووە ، (نمادگرایی)یش بەرامبەر بە ڕەمزییەت بەکار دەهێنرێت))(حەمەد،2012،ل7). لە زمانی عەرەبیشدا (الرمز) بەکارهێنراوە ، لە زمانی کوردیشدا زاراوەی (ڕەمز) و (سمبول)(هێما)ش بەکار هێنراوە ، لەپاڵ ئەمانەشدا سەرەتا ( ئیشارەت یا نیشانە یا هێما)ش بەکارهێنراوە ، بەڵام زیاتر ڕەمز بەکارهاتووە بەتایبەتی لە ئەدەبی نوێی کوردیدا (مەعروف ،2007، 78-79). زاراوەی (سمبول)یش زیاتر لە ژێر کاریگەری ئەدەبی بێگانە بەکارهاتووە ، هەروەکو (د.کامیل بەسیر) دەڵێ ((وشەی (هێمایی) لە فەرهەنگی کوردیدا هەندێ جار بەرامبەر بە وشەی (الرمز)ی عەرەبی بەکار هێنراوە ، ئەم بەکارهێنانەش ڕەنگە لە ڕووی زانستی وشەسازییەوە کارێکی زانستی نەبێت ، بەڵام لە سووچی واتاوە تا ڕادەیەکی زۆر مەبەستی ئەو وشە عەرەبییە دەهێنێتە دی و لە سروشتی ڕێبازی (ڕەمزی)ی ئەورووپی نزیك دەبێتەوە))(بەصیر،1983، 98-99) ، لەبەرئەوە زاراوەی (ڕەمز) لای نوسەران و ڕەخنەگرانی کورد فراوانتر بەکار هاتووەو زۆرینە لێی تێدەگا، لە هەمان کاتیشدا (ڕەمز) زیاتر ئیحای بابەتەکە دەبەخشێ. سەبارەت بە چەمکی ڕەمزیش کە لە هونەرەکاندا بەگشتی و لە شیعریشدا بەتایبەتی بەکار هاتووە ، وشەیەکە لە کۆنەوە مرۆڤ ئەوەی نەیتوانیوە بە زمان دەری ببڕێ ، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێمای بۆ کردووە، واتا((ئاماژە کردنە بە وشەیەك کە واتای شتێکی هەستی یان ژیری دەگەیەنێ ، بۆ مانایەکی دیاری نەکراو جیاواز بە پێی خەیاڵی نووسەرە ، خوێنەریش جیاوازن لە تێ گەیشتن و درك پێ کردنی مەوداکەی بە گوێرەی ئاستی ڕۆشنبیری و ناسکی هەستیان، هەندێکیان لایەنێکی دەبینن و هەندێکی تر لایەنێکی تر، یان بە ئاشکرا دەردەکەوێ و ڕۆشنبیر لێی تێ دەگات))(عبدالنور،1984، 124) واتا ڕەمز ئاماژەکردنە بە وشەیەك کەمانایەکی دیارینەکراوی هەیە، پێویستی بە ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر هەیە. (وبستر) چەمکی ڕەمز دەست نیشان دەکات و دەڵێ:- ((ڕەمز ئەوەیە کە ئاماژە بە شتێکی تر یا مانایەکی تر دەکات لە ڕێگای بوونی پەیوەندییەك لە نێوانیاندا ، ڕەمز دیاردەیەکی جێگیرە چ لە شیعر و چیرۆك و بەرهەمە هونەریەکاندا ))(مەعروف،2007، 79) واتا بەهایەکی ئیشارەت ئامێزی لە لۆژیك و سیمانتیکدا هەیە ، هەر بۆیە گەلێ جۆری ڕەمز دیاری کراوە. (کولدریج)یش سەبارەت بە ڕەمز دەڵێ:- ((ڕەمز بەشێکی بوونی لە واقیع وەردەگرێ ئەوسا توانای تێ گەیشتنی دەبێ))(مەعروف،2007، 80) واتە ڕەمز لە واقیعەوە سەرهەڵدەدا دەیەوێ واقیع تێ دەپەڕێنێ،واتا((ڕەمز لە واقیع دەست پێ دەکات، دواتر چڕدەکرێتەوەو تێیدا شوێنەواری مادە و پەیوەندییە سروشتییەکانی دەڕوخێنێ بۆ ئەوەی لە سەر پاشماوەکانی پەیوەندی نوێ و مەرجدار بەتێڕوانینی شاعیر بنیات بنرێ))(احمد،1978، 126) لێرەدا ڕەمز شیکردنەوەی واقیع نییە، بەڵکو چڕکردنیەتی. لە ئەدەبیشدا هەر بۆ مەبەستی چڕکردنەوەی بیرێکی

---

عەرەبی و فارسی و دواتریش شاعیرانی نوێی کوردی کردووە، باوکیشی شاعیر بووە، لە مەیدانی شیعری ئایینیدا دەستێکی باڵای هەبووە، سەرەتای شیعرنوسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1969، لە کۆتاییەکانی هەمانساڵیشدا لەگەڵ هاوڕێکانی (فەرهاد شاکەلی و لەتیف حامدو ئەحمەدشاکەلی)گروپێکی ئەدەبی پێکدێنن و کەبە گروپی کفری کەرکوک ناسراوە، خۆی بە شاعیرێکی یاخی ناساندووە شاعیرێکی یاخی و سۆفیگەرو عاشق و نوێخوازە، لەخوێندنیدا بڕوانامەی ئامادەیی بەدەستهێناوە لە کەرکوک، هەر لەم شارەدا کچێکی بەناوی (نازڵی) خۆشویستووە بەڕادەیەک هەستی بزواندووەو لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. لەساڵی 1968 بووەبە پێشمەرگەو بەشداری لە شۆڕشی گەلی کوردستان دەکات و ڕوودەکاتە شاخ. لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوسەردەمە بابەت و شیعرەکانی بڵاوکردۆتەوە، کاری ڕۆژنامەنوسی کردووە، لە ساڵی 1980 ژیانی هاوسەرگری پێکدێنێت تاساڵی 1986لەکەرکوک دەبن دواتر وەکو ماڵە کوردەکانی تر ماڵەکەیان دەکەوێتە بەرشاڵاوی ڕاگواستن و ڕەوانەی دارەتوو دەکرێن و دواتر دەڕۆن بۆ سلیمانی و لەوێ نیشتەجێ دەبن و تا ئەمڕۆش لەم شارە ژیان بەسەردەبات. لەتیف جگەلە شیعر نوسین لە بوارەکانی تری وەک ڕۆژنامەوانی و کە چندین وتارو ڕیپۆرتاژ و دەربارەی بابەتی هەمەلایەنی هەیە، لەبواری وەرگێڕانیشدا چەندین دەق لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بەپێچەوانەشەوە، چەند لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوسیوە، لەبواری شیعرنوسینیشدا یەکێکە لە شاعرەدیارەکانی هاوچەرخی کوردی و چەندین بەرهەمی دانسقەی پێشکەش خوێنەرانی کردووە، توانیویەتی جێ پەنجەی خۆی لەمەیدانی بزاڤی شیعری هاوچەرخی کوردیدا دیاری بکات و هەروەها شاعیرێکی لێهاتووی بواری ئەدەبی منداڵانە، کەلەوبوارەدا خاوەنی چەندین بەرهەمی سەرکەوتووە، لە بواری چیرۆکنوسیشدا توانای خۆی دەربڕیوەو چەند چیرۆکێکی جوانی بۆ منداڵان نوسیوە تەنانەت شانۆنامەشی بۆ منداڵان نوسیوە، خاوەن بەرهەمێکی زۆرە کە چەندین دیوانی شیعری و چیرۆک و لێکۆڵینەوەوکاری وەرگێڕانی هەیە، کە پڕن لە هەستی جوان و خۆشەویستی و مرۆڤایەتی و عەشق و دەردی کۆمەڵایەتی وبەرگری و سیاسی، تائێستا شیعرەکانی بۆ چەندین زمانی تر وەرگێردراون لەوانە بۆ زمانی عەرەبی و فارسی و سویدی و هۆڵەندی و فەرنسی و تورکی و ئینگلیزی.(عیزەددین،2010،ل51-60)

فراوان دێت، کە ئەمە ئەرکی ڕاستەقینە و سەرەکی ڕەمزە لە شیعردا، لە پاڵ ئەرکە ئیستاتیکییەکەیدا، ئەو شتەی لە واتادا شوێنی شتێکی تر بگرێتەوە، نەك بە هاوواتاییەکی تەواو، بەڵکوو بە ئاماژە یا بوونی پەیوەندییەکی ناسراو لە نێوانیاندا، واتە ڕەمز نیشانەیەکە ئاماژە بۆ شتێك دەکات و ئەو شتە دەنوێنێ کە شوێنی شتێکی تر دەگرێتەوە، مەرجیش نییە پەیوەندی نێوان وشەکان ناسراو بێت، بەڵکوو زۆر جار لە یەکەوە دوورن، بەڵام شاعیر لە سایەی دێڕەکانیدا نزیکیان دەخاتەوە ، تەنانەت زۆر جار دژایەتیش لە نێوان وشەکاندا هەیە. لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین هێنانەوەی شتێك لە بری شتێکی تر، یان ئاماژە بۆ شتێکی تر بدات، واتا وشەکان ڕەمزن شتێك دەنوێنن و سەرچاوەکەشیان شتێکی ترە، لە ئاکامی کاریگەری و توانەوەی دوو شت لە نێو یەکتریدا دروست دەبێت، کە یەکێکیان دیار و ئەوی تریان شاراوەیە، ئەوەی ئاماژە بە شتێکی تر یا واتایەکی تر دەکات، بە هۆی بوونی پەیوەندییەك لە نێوانیاندا . کەواتە ((ڕەمز بریتییە لە نیشانەیەکی هەستپێکراو بە هۆی پەیوەندییەکی سرووشتییەوە باسی شتێك بکات کە بینراو نەبێت))(سیدرضا ، 1367، 540) واتە ئەگەر لە بنەڕەتیشدا پەیوەندییەکە سروشتی بێت ئەوا شاعیر لە ئاکامی چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەمزەکانی لە سیستەمی ڕستەکاندا پەیوەندییەکە دەگۆڕێت. یا شێوەیەکی تری پێ دەبەخشێت، کە لەوانەیە چەندین هەنگاو لە پەیوەندییە سرووشتییە بنەڕەتییەکە دووری بخاتەوە. ((هەرچەندە ڕەمز بەشە وردەکانی واقیع وەردەگرێ و شاعیر لەگەڵ حاڵەتە دەروونی و بیر و ڕوانگەکانی خۆیەوە دەیانگونجێنێ، بەڵام وەکو خۆی نایانهێڵێتەوە، بەڵکوو پەیوەندییە سرووشتییەکانی تێك دەشکێنێ، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕەمز ئەبستراکتە)) (سەرچاوەی پێشوو، 540) کەواتە هەموو ڕەمزێك لە بری شتێکی ترە و ئیشارەتی دووانەیی هەیە و ڕەگەزی واقیع و خەیاڵی تێدایە ، واتە هەموو ڕەمزێك خاوەن هێزێکە، یان خاوەن ئەرکێکی دووانەییە. (لویس هورتیك)یش ئاماژەی بەوە کردووە کە: (هیچ شیعرێك نییە، برێك لە ڕەمزی تێدا نەبێت)(غریب،1971، 229) هۆکاری ئەم شێوە بەکارهێنانە فراوانەی ڕەمز لە شیعردا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە: - هۆکارە ڕامیارییەکان، ترسی شاعیر لە دەسەڵات دەبێتە هۆی هانابردن بۆ ڕەمز لە دەربڕیندا بەمەبەستی خۆپاراستن لە ئەشکەنجە و ئازار. - هەندێ نەخۆشی دەروونی کە شێواوییەك لە سروشتی شاعیردا دروست دەکەن و دەبنە مایەی پابەندبوونیان بە وەهم و ئەندێشەوە ، یا گوزارشتکردن لە هەندێك حاڵەتی پابەندی بە ناوەوەی خود و نەست و ئارەزووی نامۆبوون و گوزارشتکردن لە بابەتە شاراوەکانی نێو دەروون. - هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، هەمان ئەو شتانە کە ڕۆڵی ئەوە دەبینن شاعیر لە دەربڕینی ئاشکرا و ڕوون دوور بخەنەوە، یا ترسی شاعیر بە هۆی هەست ناسکییەوە لەوەی کە کەسێك بورووژێنێ یان تووڕەی بکات. ئەم ترسە بۆتە مایەی شاردنەوەی دەربڕینەکانی بابەتەکەی بە هۆی پەردەیەکی ڕەمزییەوە. - هۆکارە ڕۆشنبیرییەکان: بە کاریگەری شاعیرانی تر بەستراوەتەوە، بەتایبەتیش ڕۆژئاوایی، لە ئاکامی ئارەزووی پێشکەشکردنی شتێکی نوێ، هەندێ جاریش پیشاندانی ڕۆشنبیری شاعیر لە بەردەم وەرگرەکانیدا، بە مەبەستی ڕازیکردنی هەستی هونەری ئیستاتیکی و دەرخستنی توانا و داهێنان و زیرەکی، بۆ ئەمەش سرووشتێکی لێڵ بە شیعر دەبەخشن.(الجندی،1985، 143). لێرەدا ئاماژە بە تەمومژی وەک دیاردەیەکی ئاشکرای ڕەمز دەدەین لە شیعری نوێی کوردیدا ، کە لایەنێکی ئیستاتیکی شیعرە، بۆیە هەندێ جار تەمومژی وا دەکات بێ بە ڕەگەزی سەرەکی شیعر. چونکە ((ئاشکرایی و دەربڕینی شتەکان بە ڕوونی دەبنە هۆی ڕووت بوونەوەیان لەو بەرگە جوانانەی کە هەیانە ، لەلایەکی تر ئاشکرایی دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەون و خەیاڵ لە شیعردا وون بێ، جا دەبێ شاعیر لە دەربڕینی ڕاستەوخۆو ئاشکرا دوور بکەوێتەوەو ڕوو بکاتە تەمومژ))(الجندی،1985، 120) دیارە تەم ومژی لە شیعردا پێچەوانەی ساکاری نییەو شیعری ساکاریش کە دەمان هەژێنێ لە هەمان کاتدا بۆ قوڵییەکەی دەگەڕێتەوە، شاراوەیی و نائاشکرایی سەرپێچی کردنە لە دەستوورەکانی ڕێزماندا. بۆیە تەم ومژی لە شیعردا خاسیەتی سروشتی بیری شیعرە ، شاعیر بە ئاگایی یەوە بەکاری دەهێنێ، بەتایبەتی شاعیرانی نوێخواز کەوتونەتە ژێر کاریگەری ڕێبازی ڕەمزی، کە پەنا بۆ ئەم جۆرە تەم ومژو ئاڵۆزییە دەبەن، عەقڵ درکی پێ ناکات ، تەنیا شاعیر دەتوانێ لە ڕێگای وێنەی نامەنتیقیەوە کەشفی بکات و گوزارشتی لێ بکات. کەواتە تەمومژی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕەمز، ڕەمزییەکان بە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە واقیعێکی هەستپێکراو ، چونکە شیعر لای ڕەمزییەکان ئەوەبوو کە ئەسەرێك یان جێکەوتێك لەسەر دەروونی شاعیر جێبهێڵێ، ئەمەش گواستنەوەی هەڵچوونەکانی ناوەوەو ڕاستییەکانی دەروونی شاعیرە، پێیان وایە جوانی شیعر لەوەدایە کە بەرگێکی تەمومژاوی بپۆشێ، کەدەبێتە هۆی پێکهێنانی حاڵە دەروونیەکەی نووسەر دەگوێزێتەوە بۆ خوێنەر. لێرەدا لەو پێناسە و چەمکانەی خستمانە ڕوو دەگەینە ئەوەی بڵێین چەمکی ڕەمز لەسەر بنچینەی لێکچوون و نزیکبوونەوەی حاڵەت و تێڕوانی نێو بیر و دەروونی شاعیر، لە ئاکامی بەراوردکردنێکی شاراوە و نهێنی لەگەڵ بابەتەکانی دەورووبەر بە هەموو لایەنە هەمەجۆرەکانییەوە سەرهەڵدەدا. واتە ڕەمز بریتین لە دیاریکردنی بابەتێك بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، شاعیر بیرەکەی بە هۆی چەندین ڕەمز دەخاتە ڕوو ، ئەمەش یارمەتییەکی شاعیر دەدات ، کە ئامانجەکانی لە بەکارهێنانی ڕەمز بهێنێتە دی، ئەمجۆرە بەکارهێنانەی ڕەمزیش بەو لێلیە بۆ پارێزگاری کردنە لە نهێنییەکان ، کە لە هەڵچوون و هەست و نەست و مەسەلە پەیوەستەکان بە شاعیرەوە دەدوێ ، زۆرترین بیرورِا لە نێو قاڵبێکی دیاریکراودا کۆ دەکاتەوەو پەیامێکە بۆ وروژاندنی هۆشیاری ، ئەمە جگە لە لایەنی ئیستاتیکی. ئەمەش دەرگایەکی مەعریفی بۆ وەرگر دەکاتەوەو پێویستی بەدواداچووندا هەیە، بە مەبەستی ناسینی تێڕوانینی شاعیر و چارەسەر کردنی بە کێشەکان و مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکان و چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو پێشخستنی بەرهەمەکانی.

## تەوەری دووەم : سەرەتاکانی ڕەمز و ڕێبازی ڕەمزی.

ڕەمز لەکۆنەوە لە شارستانییەتەکان بەکارهاتووەو سەری هەڵداوە و هەمیشە شێوەیەکی چڕی دەربڕین بووە، سیماکانی ڕەمزی وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی، کە دەرکەوت کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر ڕێبازی پۆزیتیڤیزم و پەرناسی و ناتورالیزم و ئەدەبیاتی ریالیستی، دژی وەستانەوەو یاخی بوون، یاخی بوونەکەشیان بۆ ئەوەبوو ئەوەی دەیانویست دەری ببڕن بەشێوەیەکی قوڵترو ئاڵۆزتربوو، چونکە ئەوان تەنیا پەیوەندییان بە واقیعیەتی بینراو و هەستپێکراو هەبوو واتە تەنیا گرینگیان بە حەقیقەت و واقیع گۆیی دەدا، ڕەمزییەکانیش لەو واقیع و سەردەمەی تێیدابوون لەو شێوە ئەدەبییەی کە هەبوو بێزاربوون، بۆیە ئەوان پێیان وابوو حەقیقەت لە خەڵکی ئاسایی شاراوەو پەنهانە، پێویستی بەوەیە شاعیر بە زەبری ئەو توانایەی هەیەتی لە ڕێگەی تەفسیرو ڕاڤەو شرۆڤەی ئەو هێماو ئاماژەکانەوە هەستی پێ بکەن ، بۆیە بانگەوازی نیشاندانی واقیعیەتێکی تازەبوون، کە واقیعیەتێکی پەنهانە.(شەمیسا، 2018 ، 179). ئەم بزوتنەوەیەش کە دەرکەوت ڕەگ و ریشەی مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیاردانەی ئاستی ڕووکەشی شتەکانی تێدەپەڕاند کەلە ڕێگەی خوازەو ڕەمزەوە بوو ، ئەویش زیاتر خۆی لە کتێبی (گوڵەکانی خراپە)ی (شارل بۆدلێر) کەلەساڵی 1875 دا بڵاویکردەوە، دەبینییەوە، هەرچەندە ئەم شێوە دەربڕینە هەندێجار لای ڕۆمانتیکەکانیش لای (ولیم بلیك و شیللی) دەبینرێت تاڕادەیەك سودیان لە ڕەمز وەرگرتووە. بەڵام بەو شێوە فراوانە دەگەڕێتەوە بۆ نوسینەکانی (بۆدلێر) بۆیە بەسەر ئامەدی پەیام هەڵگری ئەم یاخییە فکرییەی بزوتنەوەیە دادەنرێت(شەمیسا، 2018، 179-180)،

دوای بۆدلێر ئەوانەی کە سودو ئیلهامیان لەو وەرگرتوو زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی (سیمبولیزم- ڕەمزیەت) خۆشکرد لەوانە پۆل ڤارلین و مالارمیەو رامبۆ و..هتد کە هەریەکەیان بەشێوازی تایبەتمەندی خۆیان نوسیەنکانیان بڵاودەکردەوە لەسەر سیماکانی ڕەمزیەت ، هەرچەندە لە ڕووی فکرییەوە سیمبولیزم پێش نوسینەکانی ئەم شاعیرانەی ئاماژەمان پێدان لە (سایەی کاریگەری فەلسەفەی ئایدیالیزمدابوو، کەلە میتافیزیکەوە ئیلهامی وەرگرتبوو ، هەروەها بە سود وەرگرتنیش لە قوتابخانە دەروونییەکەی سیگمۆند فرۆید ، دواتر لە دەوروبەری ساڵانی 1880 لە فەرەنسا وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی دەرکەوت)(حسێنی ،2006، 162). دواتر وەرگێڕانی بەرهەمەکانی شاعیری ئەمریکی (ئەدگار ئالان پۆ (1809 – 1849) کاریگەری هەبوو بۆ دەرکەوتنی ڕێبازی ڕەمزی ، چونکە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەدەبی فەرەنسی دروست کرد. کە چەند بنەمایەکی دانا بوونە بنچینەیەکی سەرەکی و ڕەمزەکان خۆیان لە نێو بیروڕاکانی (پۆ)دا دۆزییەوە، وەکوو ئەوەی کە گوزارشت لە خەونەکانی ئەوان بکات.(بقاعی ، هاشم ، 1979، 86) دواتر ڕەمزییەت و سەرهەڵدانی وەکوو ڕێبازێکی ئەدەبی لە (فەڕەنسا)دا، واقیعی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی پاڵنەرێکی بەهێز بوون بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕەمزییەت و بەتایبەتیش ((شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی کۆمیونەی پاریس کە خاڵی وەرگەڕانێکی گەورە بوون چ لە سیاسەتدا و چ لە ئەدەب و هونەردا، چونکە هونەرمەندەکان دەبوایە بەرامبەر هەر ڕووداوێك هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن. (کۆمیونەی پاریس) یەکەم شۆڕشێك بوو کە کرێکاران سەرکردایەتییان کرد و توانییان دەسەڵات بە شێوەیەکی کاتی بگرنە دەست، شوێنەوارێکی وای بەجێ هێشت کە سڕینەوەی نەبێ))(میراودەلی ،1979، 286) واتە بزووتنەوەی ڕەمزی دەربڕین بوو بۆ ڕەتکردنەوەی ناڕاستەوخۆی واقیعی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا. هۆکاری ناونانی ئەم ڕێبازە بە (سمبول - ڕەمزی) دەگەڕێتەوە بۆ (مانیفێستە هونەرییەکەی (جان مۆریاس)ی شاعیری بەڕەگەز فەرەنسی (1856-1910)، کە لە 18ی ئەیلوولی 1886 لە ڕۆژنامەی فیگارۆ) (بڵاو کرایەوە و تێیدا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ڕۆمانسییەت و ناتۆریالیزم و بزووتنەوەی پەرناسی کۆتاییان هات و ڕەمزییەت سەری هەڵدا)(میراودەلی،1979 ،289). دواتر ((لە شاعیرە دیارەکانی ئەم قوتابخانە ڕەمزییە ڤێرلێن و مالارمێ بوون، ڕەمزیەتێکی زۆر لە شیعری فەرەنسی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەدی دەکرێ، مالارمێ لە سەرجەمی بەرهەمەکانی دا بەو جۆرە ڕەمزییەت ڕوون دەکاتەوە کە هونەری وروژاندنی بابەتێکە بە شێوەیەکی ورد بۆ ئاشکرا کردنی جۆرە میزاجێك یان بە پێچەوانەوە ، بریتییە لە هونەری هەڵبژاردنی بابەتێك کە دۆخێکی ڕوحی لێ وەربگیرێ))(عباس،1959، 24) واتە پێویستی سەردەم و واقیع و نوێخوازی، وایکرد هەنگاو بەرەو ڕەمزیەت بنێن، چونکە کاتێ زەمان بەرەو داخراوی بێ سنور دەچێ ئەوا دەبێتە باشترین ڕێگا لە پێناوی گەیشتن بەکرانەوەیەك لە واقعێکی تردا، شاعیرانیش زیاتر بەرەو گیروگرفتە مرۆڤایەتییەکان شۆڕبونەوە بە هۆی ئەندێشەوە چارەسەریانی دەکرد ، لەو بیروباوەڕ و هەست و هەڵچوونە لێڵییە شاراوانەی کە لەو باوەڕەدا بوون دەربڕینیان زەحمەت بێت و بینینەکانیشیان دوور بوو لە واقیعی ژیان و بەرجەستەی بیرە ئەبستراکتەکان بوو، هەر بۆیە ڕەمزییەکان لەم چارەسەرییانەدا زۆر هانایان بۆ ئەفسانە دێرینەکان یا دیاردە کەلتووریەکان و ئایینی و.... دەبرد.لە لایەکی ترەوە جیهانی ڕەمزییەکان نقومبوونە لە تەم و تاریکیی و خەم، لە ژێر کاریگەری (شوپنهاوەر) ڕەشبین بووبوون، بۆیە بە تێڕوانینی ئەوان جیهان نهێنییەکە بە خەیاڵکردن ئاشکرادەبێت، لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی میتافیزیکی و ئایدیالیستدا بوون، حەقیقەتی جیهانە بابەتییەکەی کەهەستەکانمان درکی پێدەکات ڕەتدەکەنەوە و وێنەیەکی هێمایی ڕاستەقینەی جیهانی ئایدیایدادەنێ، کە دوور لە جیهانی بابەتی هەستپێکراو، یاخود شتە کانی جیهانی هەستپێکراو ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی شتەکانی جیهانی ئایدیان، باوەڕیان بەو هێزە نادیارانە هەبوو کەبەسەر مرۆڤدا باڵادەستن، بۆیە دەیانویست ئەو حەقیقەتە پەنهانی نەبینراوە بە حەقیقەتێکی باڵاتر پیشان بدەن، لایەنی دەروونیش لە ڕوی زمانەوە هۆکارێکە بۆ سروشت و دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ، کەبە حاڵەتە ئاساییەکەی دەرنابڕێت، بەڵکو بە زمانێکی ئاڵۆز و نادیاری و ناڕوونی دەردەبڕێت، بۆئەوەی شیکردنەوەو لێکدانەوەی بۆ بکرێت ، چونکە خۆیان ڕەمز لە شیعرەکانیان ڕوون ناکەنەوە، خۆی لە خۆیدا نادیارە و درککردنیان قورسە، بۆیە پێیان وابوو زمان نابێت لۆژیکی بێت، زمان لای ئەوان وەکو زمانی خەونە، پێیان وابوو زمانی هونەری لە زمانی عەوام جیایەو بۆ دەربرینەکانیان پێویستیان بەو زمانە هونەرییە هەیە بۆ ئەوەی شاعیر خۆی ڕادەستی داهێنانی وشە بکات، هەربۆیەشە زیاتر خودین وەك لەوەی بابەتی بن، لەبەرئەوەی لە دەربڕینی هەستەکانیاندا تاکەکەسی و تایبەت بوون. خوێنەریش دەتوانێت بە شێوەیەکی تایبەت شیعرەکە درك پێبکات و تێبگات.(شەمیسا، 2018، 197-199). لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، بە کاریگەری ئەدەبی ئەورووپی لە ڕێگەی وەرگێرانەوە ، لە ئاکامی وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیرانی ڕەمزی ئەورووپی ئەمەش بووە مایەی کاریگەری لەسەر شاعیرانی عەرەب و وەرگرتنی سیماکانی ئەم ڕێبازە و پەیڕەویکردنیان لە بەرهەمەکانیاندا(احمد،1978، 185). لە ئەدەبیاتی کوردیشدا ساڵی حەفتاکانی سەدەی بیستەم وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە ئەدەبی کوردیدا چ لەسەر ئاستی زمان لە ئەدەبداو چ لەسەر ئاستی سیاسی ڕوویدا، بە کاریگەری ئەدەبی عەرەبی لە ڕێگەی وەرگێرانەوە، شاعیرانی کوردیش شان بەشانی بزوتنەوە نوێگەرییەکانی عەرەب درکیان بەوە کرد بوو، کەبە پێوەری تازەتر مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و سیاسەتدا بکەن، کە زیاتریش مەبەستە کانیان کێشەی کۆمەڵ و هەستی نەتەوایەتی و بابەتە فیکرییەکان بووە، دواتر لە سۆنگەی ئەرکی زمان و ئەدەبەوە پەیامەکانیان بەمەبەستی جیاواز دەخستەڕوو. بە گشتی جۆرە لادانێکی فیکری و کۆمەڵایەتی ڕوویدا ، ئەدەبی سیاسی و کۆمەڵە سیاسیەکانیش لە ئەدەبدا ڕەنگی دایەوە و زمان و ئەدەبیش ئاراستەی نوێی وەرگرت . ئەدەب و هونەر وەك بە شێکی سەرخانی کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی ژیانی ماددی کۆمەڵایەتییە، ئەدیب و شاعیرانیش هەریەکەیان واقیعێکیان دەربڕی جیاواز لە ڕابردوو ، زمان و ئەدەبیش ئەرکی نوێگەری تێدا ڕەخسا ئەمجۆرە حاڵەتە وەك هۆکارێك سەیر دەکرێت بۆ لە دایك بوونی ڕەوتە کانی ڕوانگە، کەلە ساڵی 1970 لەلایەن کۆمەڵێك نوسەرو شاعیرەوە سەریهەڵدا ، لەوانە ( شێرکۆ بێکەس، حسین عارف، کاکە مەم بۆتانی، جەمال شارباژێری، ...). گروپێکیتر هاوشێوەی گروپی ڕوانگە بەناوی( گروپی کفری) بریتی بوون لە (لەتیف هەڵمەت ، فەرهاد شاکەلی ، ئەحمەد شاکەلی) ، جگەلەم دوو گروپە لەدەرەوەی ئەم دووگروپە شاعیری تری خاوەن دەنگی نوێ هەبوون بەتایبەتی ( ئەنوەر قادر ، عەبدوڵڵا پەشێو ، سەلاح شوان ، ئازاد دلزارو .....هتد) بانگەشەی نوێخوازیان دەکرد. خوێندنەوەیەکی نوێیان بۆ کێشەی نەتەوایەتی هەبوو ، بەهۆی بیرێکی شۆڕشگێری و زانستانە بازنەی تێڕوانینەکانی خۆیان فراوانتر کرد، ڕەمز بوو بەبەشێك لە بنیاتی دەقەکانیان. لەم قۆناغەدا بارودۆخی ژیانی کورد لە ڕووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری...هتد یارمەتیدەر بوو بۆ بەکارهێنانێکی چڕوپڕی ئەم دیاردەیە، لەبەرئەوەی ئەم هونەرە تاکە دیاردەی هونەری بوو، بۆ شاعیران تا بتوانن لە پەنا ئەم بارە ئاڵۆزەی کورد، هەستەکانیان دەربڕن، سەرباری لایەنی ئیستاتیکی شیعر پێویستیان بە پەردەیەکی پڕ لە ڕەمز و تەمومژی هەبووە. شاعیران لەم قۆناغەدا لە ئەنجامی نەبوونی سەربەستی دەربڕین ، ڕێگەی ناڕاستەوخۆی و لێڵی و تەمومژیان کردە ڕێگەیەکی بەردەوامی شێوازی نووسین. لە ئەدەبی کوردیدا پێش ساڵانی حەفتاکان شاعیران ئەم هونەرەیان زیاتر لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکاردەهێنا ئەویش زیاتر خۆی لە خوازەو خواستن و لێکچواندن ..هتد دەبینییەوە..

**- تەوەری سێیەم: ڕەمزو کەلەپوور**

کەلەپوور یا کەلەپووری میللی مەبەستمان لە ئەدەبی فۆلکلۆرە، واتە یەکێکە لەو سەرچاوە گرینگ و فراوانەی کەلە بیری شاعیراندا بایەخێکی زۆری پێدراوە بەتایبەتی لای شاعیرانی کورد ، کەلەپوور ڕەگوریشەیەکی پتەو و لە مێژینەی مێژوویی لە نێو نەتەوەی کورددا هەیە، ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤ بووە کەلە چەندین ژانری جۆراوجۆر پێکهاتووە لەوانە داستان وحیکایەت و کەلتوورو ئەفسانەو گۆرانی و پەندی پێشینان و ....هتد، واتە چەندین ڕەگەزی فۆلکلۆر بەشێکی گرینگی کەلەپوورە(حەسەن،2012،ل11و 17)، شاعیرانیش بەبەرگێکی نوێوە وەکو ڕەمز لەشیعرەکانیان دایدەڕێژن و سیمایەکی نوێی پێ دەبەخشن، مەبەستمان لە(( کەلەپوور کانگایەکی بە پیت و قووڵی ڕەمزە ، لەپاڵ جۆرەکانی تری ڕەمزدا، سەرچاوەیەکی فراوانی والآیە لە بەردەم شاعیراندا ))(حەمەد،2012.ل348)، چونکە نەتەوەی کورد خاوەن سامانێکی کەلەپووری فراوانەو گەڕانەوەشە بۆ مێژوو (( ئەوانەی کە شۆڕش لەسەر کەلەپوور بە ئەنجام دەگەیەنن، درك بەو ڕاستیە دەکەن، کە بوونی ڕابردوو چ ئاسۆیەکی لە شارستانیەتی نوێ دا هەیە هەرچەندە ئەو ڕەمزانەش کە ڕیشەیەکی مێژوویان بەخۆ وە گرتووە، لەڕێگای ئەو مێژووەش بەتاقیکردنەوەی شێوازی بنچینەیی پەیوەندی دارن ))(مەعروف،2007،ل109)جا شاعیرانی هاوچەرخیش لە پێناو دانانی بنەمایەکی پتەو بۆ ئەزموونێکی سەرکەتوو پێویستە پشت بەسامانی نەتەوە و کەلەپووری نەتەوەکەی ببەستێ، چونکە کەسی داهێنەر دەبێ شارەزایی لە ڕابردووی نەتەوەکەی خۆی هەبێ بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێ و بتوانێ داهێنان ئەنجام بدات هەر وەکو ئەدۆنیس دەڵێ:((ئەوەی ڕابردوو نەناسی ئایندەش ناناسێ و ئێستاش ناناسێ ئەمەش مانای ئەوەیە ئەفراندنی شیعری بە داهێنانی مێژووییەوە نەبێت تەواو نابێت))(غەمبار،1996،ل13)واتە هەر نوسەر و شاعیرێك شیعرەکەی یان نوسینەکەی پەیوەندی دار نەبێ بە ڕابردوو ئەوا نوسینەکەی ڕەسەن نییە، بەکارهێنانی کەلەپووری نەتەوەیی هۆیەکیشە بۆ زیندوکردنەوەو گرینگی پێدان و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە ئێستادا، واتە شاعیری نوێخواز دەبێ پەنا بباتە بەر کەلەپوور، بڕوای بەوە هەبێ کەلەپوور سەرچاوەیەکە بۆ هەموو داهێنانێکی نوێ و بەرەو تازە کردنەوەی بردووە ، بۆیە شاعیرانی هاوچەرخ بە پێی پێویستی سروشتی مەبەستی شیعرەکە و زەمینە ڕۆشنبیریە کەلەپوورییەکەیان ئاوێتەی بەرهەمەکانیان دەکەن و دەبنە پاڵپشتی ناوەڕۆك و بیرەکانیان، چونکە ئەزموونی خۆیانیان پێ گەشەدار و ڕەنگین دەکەن، ئەمەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لەبەرهەمەکانیان ڕەنگی داوەتەوە، چونکە کاریگەری لەسەر پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی بەرهەمەکانیان هەیە و چالاکی دەبەخشێتە بەرهەمەکانیان و کەلەپووریش هەمیشە ئامادەیی بوون و زیندویەتی تێدایە جگە لەوەش کەلەپوور پەیوەندی بەسەردەمەوە هەیە و ڕابردوو و بە ئێستا گرێ دەدات، جا بۆیە شاعیرانی هاوچەرخیش پێویستە بە تاقی کردنەوەی ئێستا بەکاری بێنن بە ئێستاوە پەیوەندی دار بێ. (لەتیف هەڵمەت)یش وەکو شاعیرێکی نوێخواز خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیری کەلەپووری دێرینی نەتەوەکەیەتی لە شیعرەکانی دا تێکەڵ بە کەلەپووری نەتەوەکەی بووە و مەبەستی خۆی پێکاوە و داهێنانی تێدا ئەنجام داوە ، گەڕاوەتەوە بۆ ڕابردووی فۆلکلۆری نەتەوەکەی و بۆتە سەرچاوەیەك بۆی و سوودی لێ وەرگرتووە لەتەکیا ئاسۆیەکی بۆ ژیانی ئایندە نەخشاندوە ، جا شاعیری ڕەسەنیش کە پەنا دەباتە بەر سامانی نەتەوایەتی، بە جۆرێکی هۆشمەندانە مامەڵە لەگەڵ ڕەمزی نگینی و سەربەرزی نەتەوەییمان دەکات، نەك بەشێوە تەقلیدی و ئاساییەکەی، بەپێی تێڕوانینی ئایدۆلۆژی خۆی لەوان تێپەڕ دەکات و ڕەمزەکە دەخاتە ژێر نەشتەری تونێکاری لێکدانەوەیەکی نوێ، بەمەوە تەکانێکی تری پێ دەبەخشێ، ئەویش دیوی نارەزایی دەربڕینە بەرامبەر ڕەمزە باوەکەو کێشانی ڕێچکەیەکی بینینی هۆشیارانەی دوارۆژ خوازانەیە.

**بەشی دووەم ڕەنگدانەوەی ڕەمزی کەلەپووری لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا:** دیارە (لەتیف هەڵمەت) خاوەنی ئەزموونی شیعری خۆیەتی و ناوبانگێکی هەیە و چەند دیوانی شیعری هەیە، کاریگەر بووە بە ئەدەبیات و فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی پێش خۆی و سەردەمی خۆی ، کە بۆتە سەرچاوەی ئەدەبی پێشین بۆی، هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبییە کەلەپووری و فۆلکلۆرییە کوردییە نوسراوانەی پێشتان وەک کەرەستەیەکی بە نرخ لە بەردەستیدا بووەو بیر و بەهرەی لێ هەڵمژیوە، بە فۆرم واتاو دەلالەتی جیاواز لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوەو دایڕشتووە، بووە بە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆی، هەر بۆیەش شاعیری ڕەسەن ناتوانێت واز لە کەلتوورو ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بێنێت، لەبەرئەوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر دەبێتە بناغەی ئەدەبیات و شیعری تازە و تەنانەت داهێنانیش ، چونکە شاعیری نوێخواز بە بیری نوێو سەردەمیانە سوود لە بەرهەمە کۆنەکان وەردەگرێت، هەر بۆیەشە هیچ شاعیرێک ناتوانێت ببێ بە شاعیرێکی باش بەبێ ئەوەی گرینگی بە ئەدەب و کەلەپوور و فۆلکلۆری ڕابردووی نەدابێت. (لەتیف هەڵمەت)یش جگە لە ئەدەبیاتی گەلانی دەوروبەر و جیهان، لە نێو ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیدا قاڵبوەتەوەو کاریگەری ئەدەبی فۆلکلۆرو کەلەپووری کوردی بەسەرەوەیەو وێنەی شیعری بە دەستکارییەوە وەرگرتووەو ڕەهەندی تری پێ بەخشیوە، واتە لە ئامێزی وێنەیەکدا وێنەیەکی تری هێناوەتە بەرهەم. لێرەدا چەند نمونەی شیعری دەهێنینەوە کە بە بابەتە کەلەپووری و فۆلکلۆریەکانی وەک ئەفسانەو داستان و پەندی پێشینان و حیکایەت و گۆرانی کاریگەر بووەو دەقەکان دەخەینە ڕوو دەیان دوێنین و بۆ ئەوەی ڕەنگ و ڕووی یەکتری پیشان بدەن بە واتاو فۆرمی جیاواز و تازە دای ڕشتۆتەوە.

**تەوەری یەکەم: ڕەمزی کەلتووری:** کەلتوور یەکێکە لە بابەتە پڕ بایەخەکانی شاعیران، سەرچاوەیەکی فراوانی والآیە لە بەردەم شاعیراندا، نەتەوەی کوردیش لەم ڕووەوە خاوەن سامانێکی کەلەپووری فراوانەو گەڕانەوەشە بۆ مێژوو واتە((بوونی ڕابردوو ئاسۆیەکی لە شارستانیەتی نوێ دا هەیە هەرچەندە ئەو ڕەمزانەش کە ڕیشەیەکی مێژوویان بەخۆوەگرتووە، لە ڕێگای ئەو مێژووەش بەتاقیکردنەوەی شێوازی بنچینەیی پەیوەندی دارن ))(مەعروف،٢٠٠٧ ، ١٠٩) جا شاعیرانی هاوچەرخیش لە پێناو دانانی بنەمایەکی پتەو بۆ ئەزموونێکی سەرکەتوو پێویستە پشت بەسامانی نەتەوەو کەلەپووری نەتەوەکەی ببەستێ، بەکارهێنانی کەلەپووری نەتەوەیی هۆیەکیشە بۆ زیندووکردنەوەو گرینگی پێدان و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە ئێستادا، بۆیە شاعیرانی هاوچەرخ گەڕاوەنەتەوە بۆ ڕابردووی کەلەپووری نەتەوەکەیان و بۆتە سەرچاوەیەك بۆیان و سوودیان لێ وەرگرتووە، بە پێی پێویستی سروشتی مەبەستی شیعرەکە و زەمینە ڕۆشنبیریە کەلەپوریەکەیان ئاوێتەی بەرهەمەکانیان دەکەن. جا شاعیری ڕەسەنیش کە پەنا دەباتە بەر سامانی نەتەوایەتی هۆشمەندانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات ، نەك بەشێوە تەقلیدی و ئاسایی یەکەی، بەڵکو ، بەپێی تێڕوانینی ئایدۆلۆژی خۆی لەوان تێپەر دەکات و ڕەمزەکە دەخاتە ژێر تونێکاری لێکدانەوەیەکی نوێ.

بۆنمونە یەکێ لەو دیاردە کەلتوورییانەی کە لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە مەسەلەی جادووگەری و سیحر و فاڵچییە ،کەلە ئەدەبیاتی جیهانیشدا بوونی هەیەو ڕەنگیداوەتەوە، ئەم دیاردەیەش لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوەو شاعیران وەکو ڕەمزێک ئاوێزانی دەقەکەیانی کردوەو بیرو بابەتێکی تازەیان پێ دارشتووە.

لەتیف هەڵمەت یش لە شیعری(سێ تێبینی \ تێبینی سێیەم) ئەم دیاردەیەی وەکو ڕەمزێک ئاوێزانی دەقەکەی کردووەو ڕێڕەوێکی سیاسی پێ گرتووە ، کە پەیوەستە بە بارودۆخی وڵاتەکەی و دەڵێت:

من فاڵچی نیم ، بەڵام ئەڵێم من ئەزانم

چۆن ئاو دەگەڕێتەوە بۆ ڕووبار

من فاڵچی نیم ، بەڵام ئەڵێم من ئەزانم

کەی کەی مەهدی ئەگاتە شار

من فاڵچی نیم بەڵام ئەڵێم من ئەزانم

کەی کەی ئەڕۆی یەکەم بەهار (هەڵمەت، ٢٠١٤ ، ١٠٨ ) لێرەدا شاعیر چەندجار ئاماژە بە دیاردەی فاڵچی دەدات و جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەمەشی وەکو ڕەمزی کەلتووری بەکارهێناوەو کە لەڕێگەیەوە مەبەستە سەرەکییەکەی، کە مەبەستی بارودۆخی سیاسی سەردەمەکەیەتی پێ دەربڕییوە، ڕووبار وشک ناکات ڕەمزە بۆ شۆڕشی کورد مەهدی چاوەڕوانکراویش ئەو سەرکردە ڕزگار کەرەیە کە بە هانای ئەم نەتەوەیە دێت و بەهاریش ڕەمزی سەرکەوتن و بەدیهێنانی پێشبینی شاعیرە. یەکێکی تر لە دیاردە کەلتووریەکان، کە بۆتە سەرچاوە بۆ شاعیران ئەویش (خەنجەرە)لە کەلتووری کوردەواریدا وەکو چەکێک ڕەمزە بۆ دەسەڵات و توانا ، لەلایەکی ترەوە ڕەمزە بۆ ڕەسەنایەتی.

**لەتیف هەڵمەت** یش (خەنجەری)وەکو ڕەمزێک ئاوێزانکردوەو کردوویەتیە چەکێک بۆ بەرگری کردن لە مافخوراوانی گەلەکەی و دەڵێت :

چونکە شیعرم بە دەس هەموو

مافخوراوانی

زەوی یەوە .. خەنجەرە (هەڵمەت،٢٠١٤، ٥٦ )

دیاردەیەکی تری کەلتووری لە نێو نەتەوەی کورددا بوونی هەیە(گوڵاڵە)یە ، یەکێکە لەو دەلالەتە پڕ بایەخانەی کە ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی لە نێو شیعری هاوچەرخی کوردیدا هەیە، (گوڵاڵە) ڕەمزی ئازادی و ئەوین و بەرەنگارییە، **(لەتیف هەڵمەت)** لە بنیادێکی درامیدا (گوڵاڵەی) وەکو ڕەمزێک بەکارهێناوەو وێنەیەکی تازەی خوڵقاندووە ،کەتێیدا (پاشا) ڕەمزی دەسەڵات و هێز و چەوسانەوەیە، (منداڵ)یشی وەکو ڕەمزی پاکی و بەرائەت و هەڵگری ڕاستییەکان خستۆتەڕوو، جادوبازیش وەک پێشبینیکەر خراوەتەروو :

پاشایەک نوست منالێکی برسی

لەسەر

یاقوتی تاجەکەی نوسی ڕۆژێ دێ هەر

پاشا دەمرێ ................

خەڵکی دەڵێن جادوو بازێک وتی ئەگەر

تکێ خوێنی ئەم منداڵە

برژێتە سەرچاکی زەوی

سەرانسەری زەوی دەبێ بەگوڵاڵە ....... (هەڵمەت ،٢٠١٤ ، ٢٣-٢٤) لێرەدا شاعیر لە پەیوەندی کردنیدا بەو دیاردە کەلتوورییە لە گفتوگۆکردنیدا (گوڵاڵە)ی وەکو ڕەمزێک بەکارهێناوە، کە ڕەمزی ئازادی و ئەوین و بەرەنگاریە ، وێنەیەکی تازەی بەهۆیەوە خولقاندووە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گۆڕینی سیما و ئاراستە کردن و مەبەستە فۆلکلۆریەکان بەندە بە ئاستی ڕۆشنبیری شاعیر و بیرکردنەوەو تێڕوانین و لێکدانەوەی بۆ دیاردەو بابەت و لایەنەکانی نێو کۆمەڵگا و باردۆخە سیاسەکەی بە تایبەتیش ئاراستەکردنی لە خۆشییەوە بۆ ناخۆشی، لێرەدا شاعیر داهێنانی تێدا ئەنجام داوە، بەوەی ئاراستەکەی گۆڕیوە لە ناخۆشیەوە بۆ خۆشی ، بەهۆی ئەو چەوساندنەوەیەی کۆمەڵگای کوردی ، کۆتایی پێ دێنێ و سەرانسەری زەوی دەکاتە گوڵاڵە ، بۆ بەرەنگاربونەوەی دوژمنان و گەیشتن بە ئازادی ، شاعیر بە پێشبینی جادوبازێک لە ڕێگەی منداڵێکەوە گوڵاڵەی ئازادی و ئەوین و بەرەنگاری چەوساندنەوە لەسەر زەوی دەسەبەر دەکات.

**تەوەری دووەم: ئەفسانــــە:** ئەفسانە یەکێکە لە بەشە گرینگەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوەیی، ئەفسانە بەرهەمی کۆن و زادەی بیری مرۆڤە .هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە ناواقیعین ، بەرهەمێکی خەیاڵ ئامێزە و ناواقیعی زۆری تیدایە ، ئەویش بۆ گەورەکردنی ڕووداوەکان و جوانکردن بووە یان بۆ هەرمەبەستێکی تر بێت ((ئەفسانە بە نسبەت مرۆڤی دێرینەوە باشترین وەسیلە بووە بۆ تێڕامان بە مەبەستی تێگەشتین لە سروشت ودیاردە و نهێنیەکانی و وەڵامیک بوو بۆ ئەو پرسە پڕ لە سەرسامییە زۆرانەی لای مرۆڤ لەوکاتانەدا دروستبوون ،واتە ئەفسانە پەیوەستە بە بیری سەرەتایی مرۆڤ و یەکەم قۆناغی بیرکردنەوەی فەلسەفی)) (ئەحمەد،٢٠١٩، ٢١٢) ئەفسانەکان هەرلە زووەوە کەوتونە سەر زار پێش ئەوەی مرۆڤیش فێری نوسین بێت .ئەفسانەکان بەوەناسراون کە کارەکتەرەکانی لە مرۆڤ دوورن، بۆ نمونە خواوەندەکان . شاعیرانی هاوچەرخیش گرینگیەکی زۆریان بە ئەفسانە داوە . وەکو ڕەمزێک بۆ گوزارشتکردن لە مەبەست و ئارەزووە کپبووەکانیان ،کەلە ناخیان پەنگی خواردۆتەوە دەریدەبڕن دیوەشاراوەکەی خۆیانیان تێداکۆدەکەنەوە، واتە پەیوەندییەکی نوێ و کرۆکێکی نوێ بە ئەفسانەکان دەدەن و بە زیندویی دەیهێڵنەوە ، بۆیە دەوترێت((ئەفسانە جۆرە ئەدەبێکە بەستەڵەک بەلاوەدەنێ و بەرەو پێشکەوتن و گۆڕان هەنگاودەهاوێژێ، دەوڵەمەندی جیهانی ئەفسانە بۆتە هۆی مانەوەی وەک سەرچاوەیەکی ڕەنگین بەدەست شاعیرانی نوێخوازەوە تەنانەت وەک پێویستییەکی لێهاتوو))(مەعروف،٢٠٠٧ ، ٩٧)جگە لەوەش شاعیران وەکو ئامرازێکی هونەری بەمەبەستی خوڵقاندن و لایەنی ئیستاتیکی شیعر بەکاریان هێناوە بۆ دەوڵەمەندکردنی دەقەکە بەکەرەستەی ئەفسانەو زیندووکردنەوەی ڕابردوو و خستنەڕووی هێزی ڕابردوو لە ئێستادا، بە شێوازێکی نوێ خوڵقاندنێکی تازەیان لێ ئەنجامداوە، کەئەمەش پەیوەستە بە لێهاتوویی شاعیرەوە لە بەکارهێنانی کەرەستەو بابەتەکان و چۆنیەتی دەربڕینی ڕەگەزەکانی ئەو ئەفسانەیە .

یەکێ لەو بابەتە ئەفسانە خۆماڵیانەی کە لە شیعری هاوچەرخدا ڕەنگی داوەتەوە ئەفسانەی (ئەژدیهاک و کاوە)یە .ئەژدیهاک بەهۆی ئەوەی کەسێکی نەگریس بووە نەخۆشیەک دەگرێت و دوومار لە سەر شانەکانی دەڕوێت، چارەی مارەکانیش تەنها پێدانی مێشکی لاوانە، ڕۆژێ سەربازانی زوحاک دوو کوڕی ئاسنگەرێکی لادێی بە ناوی (کاوە)،دەگرن ودەیدەن بە مارەکان ،بۆیە کاوە شۆڕش دەکات و لە کۆتاییدا زوحاک دەکوژێت.

لە تیف هەڵمەت لە ئەفسانەی «زوحاکەوە»ئیلهامی ئەفسانەیەکی نوێی بۆ هاتووە ، کە پاڵەوانی ئەفسانەکە «نەیزۆن»زوحاک دوو ماری لە سەر شانی هەبوو ، بەڵام (نەیرۆن)دوو برین لە سەر شانی هەیە . شاعیر لەم ڕێگەیەوە کە وەکو ڕەمز بەکاری هێناون، دەیەوێ مەبەستێکی سیاسی دەربڕێت و دەڵێت:

**دەڵێن دوو برین لە سەر شانی نەیرۆن ڕوواوە بە خۆڵەکەوەی زەیتوون نەبێ کەف و کوڵی ژان و سوێ ی دانامرکێ...!** (هەڵمەت, ٢٠١٤ ، ٩٦٠)

لەتیف لە شیعری (ئەمە دوا هەڵبەستم نییە) دا باس لە ئەفسانەی (ئەژدیهاک و کاوە )دەکات. وەکورەمزێک بەکاری هێناوە، ئاماژە بەوە دەکات کە بیری سەرکەوتن بە هەمان شێوەی جەکوشەکەی دەستی کاوەیە ،واتا بۆ سەربەستی و سەرکەوتن دەبێت هەمووومان جەکوشێکی جەشنی کاوەمان هەبێت.

**بیرەوەری سەرکەوتن جەکوشەکەی کاوەیە مەقەستی کۆتی گەردن دوو پارچە هۆندراوەیە** (هەڵمەت،٢٠١٤، ٦٢)

(دێو درنج) ئەمانەش جۆرە دەعبایەکی ئەفسانەین و لە ئەفسانەی کوردیدا بوونی هەیەو زۆرجار پێکەوە ناویان دێت . شاعیرانی هاوچەرخیش وەکو رەمز ئاوێتەی دەقەکانیان کردووەو بیرو وێنەی تازەیان پێداڕشتووە.

لەتیف هەڵمەت لە (دیوانی ئەم هۆنراوەی کە تەواو دەبێ و نابێ)دا باس لە ئەفسانەی دێو درنج دەکات و وەکو رەمزێک پەیرەوی کردووەو دەڵێت :

**کە منداڵ بووم هەر نیوەشەوێک لە دەرگاکەمانیان بدابووایە ..دەم وتت : - دایە گیان مەیکەرەوە ..دێو درنج هاتوون من بدزن..**

(هەڵمەت،٢٠١٤، ٢٨٢)

لێرەدا شاعیر بە سود وەرگرتن لە بونەوەرێکی ئەفسانەیی کە وەکو رەمزێک ئاوێزانی دەقەکەی کردووەو بیری سەرەکی دەقەکەی پێ دەبڕیوە ، بە گفتوگۆو هەڵمژین لێی وێنەیەکی تازەی بە دەلالەتێکی نوێی بەرهەم هێناوە، شاعیر لە ناو تاریکیشدا گەشبینە ، چونکە رێگە بە دوژمنان نادات نیشتمانەکەی بدزن.

«سیمرخ» باڵندەیەکی ئەفسانەییە و دەتوانی مەودایەکی زۆر ببڕێت و بەرز هەڵبفرێت تا دەگاتە حەوت تەبەقەی ئاسمان ، لە هەمان کاتیشدا دەنگێکی خۆشی هەیە.

لەتیف هەڵمەت ئاماژە بەم بونەوەرە ئەفسانەییە دەدات و وێنەی (سیمرخ) وەکو رەمز ئاوێتەی دەقەکەی کردووە ، بۆ نموونە لە شیعری (پەیکەرێکیتر ) دا دەڵێت:

**برۆم ..برۆم..وەها هەڵفرم بۆ بەرز هیچ سیمرخێ نەم هێنێتەوە بۆ سەر ئەرز** (هەڵمەت،٢٠١٤، ١٠٥)

یا لەشیعری (گۆرانی پاشەرۆژ)دا دەڵێت:-

**گوڵەکانیش دەبن بە سیمرخ و دڵم بۆ ووڵاتێ هەڵدەگرن** (هەڵمەت،٢٠١٤، ٤٧٤)

لێرەدا شاعیر لە پەیوەندیکردن و بە گفتوگۆو هەڵمژین لە ئەفسانەی باڵندەی سیمرخ، وێنەیەکی تازە بە بیرو واتاو شێوازێکی نوێی بەرهەم هێناوە .

**لەتیف هەڵمەت** جگە لەوەی سودی لە ئەفسانەی خۆماڵی و رۆژهەڵات بینیوە لەهەمان کاتیشدا سودی لە ئەفسانەی میللەتانی جیهانیش بینیوە، وەستایانە لە شیعرەکانی وەکو رەمز تەوزیفی کردووە بە شێوەیەک، بۆ ئەوەی داهێنانی تێدابکات، درامایەکی زیندوی پێشکەشکردووە، بۆنموونە ئەفسانەی(سیزف)یەکێکە لە ئەفسانەکانی یۆنان، کەبە ئەفسانەی ئازاری مرۆڤایەتی دادەنرێت، بۆیە(خواوەندەکان) لەعنەت لە(سیزیف)دەکەن و سزای دەدەن، بە هەڵگرتنی بەردێک تا لوتکەی شاخەکەی بیبات، بەڵام کە نزیکی لوتکەکە دەبێتەوە لە وێوە بەردەکە غلۆر دەبێتەوە تاوەکو وای لێدێت ئەم بارودۆخە دەبێت بە قەدەرو چارەنوس. لە تیف هەڵمەت یش یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کە ئەفسانەی سیزیفی وەکو رەمزێک ئاوێزانی دەقەکەی کردووەو دەڵێ:

**سیزیف تاشە بەردەکەی تۆرداوە خەمێکی داوە باکۆڵی دا لەوانەیە عاشق بوو بێ** (هەڵمەت،٢٠١٤ ، ٣٥٢)

لێرەدا لەتیف تاشەبەردەکەی فرێداوە ، مەبەستیش لەم تاشەبەردە ئەوەیە کە سیزیف کوری پاشای یولولسی یۆنانییە، لەلایەن باوکییەوە سزادرا بەوەی بەردێک بگوازێتەوە بۆ لوتکەی چیایەکی بەرز، کەدەگاتە لوتکەکە هەردووکیان غلۆر دەبنەوە. بەڵام لەتیف بەردەکە توردەدات و فرێی دەدات و لە جیاتی بەردەکە خەمی لەکۆڵناوە، کە هێمای عاشقبونیەتی ، ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەفسانەکەیە، چونکە ئەو سیزیفەی یەکەم کەلەگەڵ تاشەبەردەکە غلۆر دەبنەوە، ئەمە بۆ سزا و عەزابی تۆڵەیە لە سیزیف، مەبەستی شاعیر لێرەدا دوژمنانی کوردە توریان دەدات و تۆڵەدەکاتەوە، بەڵام لەو سیزیفە نوێیەی کە شاعیر خوڵقاندویەتی ئەو کۆڵە خەمەی کە داویەتی بەشانیدا ئەوا عاشقبونیەتی و چێژو خۆشی لێ دەبینێت، ئەمەش پێچەوانەی ناخۆشیەکانی عەشقە، چونکە لەپێناو خۆشەویستەکەی لە هەموو ناخۆشییەکانیش چێژ وەردەگرێت، لەبەرئەوەی شاعیر بە بڕواوە تێدەکۆشێت و بەرەنگاری ناخۆشییەکان دەبێتەوە لە پێناو نەتەوەکەی، بەمەش چێژ دەبینێت ،چونکە هەنگاو دەنێ بەرەو سەکەوتن .

**تەوەری سێیەم: داســـتـــان :** داستان یەکێکە لە بەشە نەمرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر و کەلەپوور، بریتیە لە ((بەرهەمێکی چیرۆک ئامێز، سەرگوزشتەیەکی رووداو یا راستەقینە دەگێرێتەوە ، کە بە ژیانەوە بەستراوە راستی ژیان لە دەروونی خاوەن بەرهەمەکەوە دەهێنێتە دەرەوە، وێنەی قارەمانی و ئازایەتی مرۆڤ پیشان دەدات))(رەسول،١٩٧٠ ، ٢٤) واتە ناوەرۆکی داستان قارەمانی و دڵدارین، زۆرجاریش دڵدارییەکە قارەمانیەتیش بەخۆیەوە دەگرێت . ئەم هونەرە چیرۆک ئامێزە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان هەنگاوی ناوە. داستان بنەما و دەستوری خۆیی هەیە ، رووداو و کەسایەتی و شوێن و .... بونیان هەیە، تێیدا باس لە ئازایەتی و دەسەڵاتی پاڵەوانان دەکرێت، بە شێوەی شیعری درێژ هۆنراوەتەوە، بە زمانێکی سادە و رەوان گێردراونەتەوە((رووداوەکان بە شێوەی پەخشانە شیعر و دارێژراون، ناوە ناوە دیالۆگی شیعری بە کێشی تایبەتی خۆی دەکات بە نێو گێرانەوەی داستانەکە، ئەو کێشەی کە داستانە فۆلکلۆریەکانی پێ گێردراوەتەوە ،کێشی رەسەنی کوردییە بە کێشی برگەی ناسراوە .))(ئەحمەد،٢٠١٩، ١٨٧)واتە بە کێشی برگەیی خۆماڵی و سەروای مەسنەوی یا ئازاد، بەشێوەیەکی هونەریانە نوسراوە . لێرەدا ئێمە تیشک دەخەینە سەر ئاوێزانکردنی ئەو داستانە کوردیانەی کەلە ئەدەبی کوردیدا هەمانە شاعیر وەکو رەمز بەکاری هێناون:

- داستانی قەڵای دمدم: رووداوێکی مێژوویی راستەقینەیە، قەڵای دمدم لەسەر دەستی (خانی لەپ زێرین)دروستکراوە، شای ئێران کەوتە ململانی کردنی خانی لەپ زێرین، دوای چوار مانگ لە بەرگری کردن بەهۆی بڕینی سەرچاوەی ئاوی قەڵاکە لە لایەن داگیر کەرەوە نزیکەی ٢١رۆژ سەرباز و دانیشتوانی قەڵاکە بێ ئاو بوون، قارەمانەکانی قەڵای دمدم بە سەرکردایەتی خانی لەپ زێرین تا دوا هەناسە جەنگین و بە کۆمەڵ مردنیان لە داگیرکاری و سەرشۆڕکردن بە باشتر زانی. بەمەش داستانی قەڵای دمدم دەبێتە رەمزێکی دڵێری قارەمانییەتی، بۆتە هەوێنی چەندین شیعر. شاعیرانی هاوچەرخ چەندین شیعریان لە خۆڕاگری و قارەمانیەتی خانی لەپ زێرین هۆنیوەتەوەو وەکو رەمز ئاوێزانی دەقەکەیانی کردووە. لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکی دا داستانی (قەڵای دم دم )ی وەکو رەمزێک بەکارهێناوە،

وەکو شاعیرێکی شۆڕشگێڕ بروای بە سەرکەوتنی ئەو ڕێبازە هەبووە کە کورد خەباتی بۆی کردووە، شاعیر بە ئاوێزانکردنی داستانی قەڵای دمدم، کەلەگەڵ بیری سەرەکی دەقەکە دەگونجێ، بە گیانێکی یاخییەوە باس لە زۆری تاوانەکانی دوژمنان دەکات، چونکە بە درێژایی مێژوو پەلاماری کوردیانداوە، بۆیە بە ئیلهام وەرگرتن لە داستانی دمدم پەیوەندییەکی نوێ و وێنەیەکی تازەی خوڵقاندووە . ئەوەتا لە شیعری (دووەم هاتنی لەپزێرین)دا دەڵێت:-

ئەو خەنجەرەی کە شاعەباس بە نامەردی لە پشتەوە...لە ناو جەرگەی

یەکەم خانی لەپزێرین دا شەوێ چاندی ئەمە تانێ..لە لای منە

هێشتا خوێنی لەپزێرینی لێ دەتکێ لەپزێرینی ئەم جارە ..وەک ڕمێ..

وەک سەد ڕم هەزار ڕم ناو جەرگی شاعەباس دەسمێ.......... (هەڵمەت،٢٠١٤

،٦٠٢-٦٠٤) لێرەدا شاعەباس کە ڕەمزێکە بۆ ئەو دوژمن و داگیرکەرانەی پەلاماری کوردیان دەدا، ئەوخەنجەرەی کە خانی لەپ زێرینی کوشت هێشتا خوێنی لەپ زێرینی لێ دەتکێ ئاماژەیە بۆ بەردەوامی ستەم و زوڵم لەسەر میللەتی کورد، بەڵام شاعیر گەشبینەو ورە بەرزە بۆیە وەکو شۆڕشگێڕێک لە خەبات بەردەوامە دژی دوژمنان و تێدەکۆشێ و ئەمجارەیان (لەپ زێرینێ وەک ڕمێ بە هەزاران ڕم جەرگی شاعەباس و دوژمنان دەسمێ، لێرەدا شاعیر توانیویەتی قەڵای دم دم وەکو ڕەمزی بەرگری ئاوێزانی دەقەکەی بکات و هونەریانە بە ئەمڕۆوە ببەستێتەوە، گەشبینە بڕوای بە سەرکەوتن هەیە. بەردەوام دەبێت و دەڵێت:- هەموو ڕۆژێ

شا عەباس با دەیبا وەک پووش و پەڵاش

لەپزێرینیش هەموو وەرزێ لە ترووپکی حەسارۆست دا...دادەبەزێ

بنەڕەتی دمدمێ تر هەڵدەکەنێ.. شا عەباس لە خوێندا..دەگەوزێ..! (هەڵمەت،٢٠١٤،

٦٠٠) لێرەدا شاعیر گەشبینە بڕوای بە سەرکەوتن هەیە ، توانیویەتی هونەریانە بە ئەمڕۆوەی ببەستێتەوە، بەوەی شاعەباسی کە ڕەمزە بۆ دوژمن و داگیرکەرانی کورد، کردویەتییە ئەو پوش و پەڵاشەی کە با دەیبا، لەلایەن لەپزێرینەوە وەک هەڵۆیەک لە هەموو وەرزێکدا لە حەسارۆست دادەبەزێ و وەکو قەڵای دمدم شا عەباس لە خوێن دەگەوزێنێ، شاعیر گەشبینەو ورە بەرزە بۆیە وەکو شۆڕشگێڕێک لە خەبات بەردەوامە دژی دوژمنان و تێدەکۆشێ .

**- داستانی مەم و زین:** ئەمە داستانێکی کۆنە لەئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا باس لە خۆشەویستی دوو عاشق دەکات و (مەم و زین)، میری بۆتان دوو خوشکی هەیە بە ناوی (زین و ستی) .(تاجدین) پیاوی ژێردەستەی میرە و زۆر لای جێگەی باوڕە ،تاجدین برادەرەکی هەیەبە ناوی (مەم )ە .تاجدین و مەم دەیانەوێ پێکەوە بڕۆنە داوای زین و ستی، مەم و تاجدین بڕیار دەدەن سەرەتا تاجدین بڕواتە خوازبێنی . میری بۆتان بە هاوسەرگیری تاجدین و ستی خۆشحاڵ دەبێت و زەماوەند دەکەن. دوای ماوەیەک مەم و زین لە باخی میردا یەکتر دەبینن بەڵام (بەکۆ)یان (بەکری مەرگەوەر) وەزیری زاڵمی میر دەیان بینێت و ڕازەکەی لای میر ئاشکرا دەکات .دوای ئەمە مەم دەستگیر دەکرێت، بەڵام پێش ئەوەی هەواڵی بەخشینی میر بگات بە مەم ، بەکۆ ئاوی ژەهراوی پێدەدات .کاتێک زین هەواڵەکە بۆ مەم دەبات،مەم گیانی تێدا نە ماوە ، زین لە شینی مەمدا خۆی دەکوژێت و تاجدین بەکۆ دەکوژێت ئەم داستانە فۆلکلۆریە لە شیعری شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە. لەتیف هەڵمەت دەڵێت:-

بابە سواری ئەسپی برین بچین بۆ زەماوەندی مەم و زین

گرەی ئەو دوو دڵدارە بکەین بە چرا بۆ دێو چین

گوڵێ یەکەم پەژارە بخەینە ناو گوڵدانی ژین (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٧٠ )

شاعیر لە گفتوگۆکردنی دەقەکەیدا لەگەڵ داستانی مەم و زین بە شێوەیەکی هونەریانە ڕەمزئامێزانە ئاوێزانی دەقەکەی کردووە ، بە واتاو وێنەیەکی تازەوە، بەشێوەیەک وێنەکەی لە سەرچاوە بنەڕەتییەکە پێچەوانەکردۆتەوە بەوەی مەم و زینی پێک گەیاندووە ، گرەی دڵداریەکەشی کردۆتە ڕووناکی و چرایەک بۆ ژیان . لەتیف هەڵمەت لە شیعری (ڕەنگی باران)دا دەڵێت :-

لەرەیەک بۆنی پشکۆی بۆ هێنام وام زانی ئیتر نەورۆزی ساڵە

زەماوەندە ڕەز دەبەن بۆ خەیام ئاگر بە ر ئەبێ لەم شەوەلاڵە

دیاری کە ژاوەی مەم بۆ خاتو زین چەپکێ نێرگز و وەنەوشەی ئاڵە (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩)

شاعیر گەشبینە وای زانیوە بۆنی بەهارو نەورۆزی بۆ هاتووە، خۆشی و شادی و زەماوەندە، دیاری مەمیش بۆ زین چەپکێک نێرگزو وەنەوشەیە.

**- داستانی شیرین و فەرهاد:** ئەمەش داستانێکی تری نەمرو بەرزە ،کەرەستەیەکی زیندووی نێو کەلەپووری کوردییە ئیحای بە زۆربەی شاعیرانی کورد بەخشیوە ، خەسرەوی میری ساسان شیرنی زۆر خۆش دەویست ، بەڵام شیرین لە داوی خۆشەویستی فەرهادە ، ئەندازیارێکی بە توانا بوو ، کە خەسرەو بە مەی زانی زۆری پێ ناخۆش بوو ، بۆیە لە شیرینی دوورخستەوە داوای لە فەرهاد کرد تونێلێک بە ناو شاخی بێستوندا دروست بکات .فەرهادیش بەر لەم کارە هەڵسا بە کێشانی وێنەی شیرین لە سەر تاشە بەردێک .میر خەسرەو تەڵەی بۆ فەرهاد دانابوو ،هەواڵی مردنی شیرنی بڵاو کردەوە ،کاتێک فەرهاد گوێی لەم هەواڵە بوو خۆیی کوشت بە و کەرەستانەی کە وێنەی شیرنی پێ نەخشاند بوو.

لەتیف لە شیعری (بۆ ئەو ڕۆژەی کە هالی ئەکشێ)جەخت لە فەرهاد بوونی خۆی دەکاتەوە، بەڵام چۆن فەرهادێک ، کە ڕێچکەی فەرهادی گۆڕیوە بۆ ڕێچکەیەکی پیرۆزترو باڵاتر کردوویەتی بە پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر لە پێناو گەیشتنی نەتەوەکەی بە ئازادی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەکەی واتە ئامانجەکەی فراوان کردووە: منم فەرهاد .. گیانە منم فەرهاد

بەڵام هاتنی من بۆ تاشینی بێستون نییە هاتنی من لەبەرچاوی شیرین نییە

من ئەمجارە بەزەبری کینەی پاچی داد ئەرووخێنم دوا بناغەی کۆشکی شەداد

لاواندنەوەی زۆردارەکان ئەنوسم (هەڵمەت،٢٠١٤ ، ٣٥) لێرەدا شاعیر لە گفتوگۆکردنی دەقەکەی لەگەڵ داستانی شیرین و فەرهاد داکۆمەڵێ ڕەمزی تری هێناوە بەمەبەستی خستنەڕووی ئەو هێزو دەسەڵاتەی هەیەتی ، فەرهادی کردۆتە پاڵەوانێک تا پێی بگاتە سیستەمێکی ڕێک و پێکی ژیان لەسەر بناغەی دادپەروەری و نەهێشتنی چەوسانەوە.

- لەتیف هەڵمەت لە شیعری (گۆڕانی پاشە ڕۆژ)دا ،لە بەشی کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ:-

من فەرهادم
بە لام دڵدارەکەم شیرین نییـە
دڵدارەکەم ولاتەکەمە ولاتەکەم
من فەرهادم.
بەڵام ئەمجارە بێستون
هەڵناکۆڵم.
نەخشەی زەوی دەگۆڕم (هەڵمەت،٢٠١٤، ٤٩١)

لێرەدا شیرین هەر خۆشەویست و دڵدارەکەی فەرهاد نییە ، بەڵکو ڕەمزی نیشتیمان و کێشەکانی کوردە ، شاعیر لە ئاوێزان کردنەکەدا لەسەر بونیادی لێکچوون وێنەکەی دروست نەکردووە ، بەڵکو لەسەر بنەمای جیاوازی پێکیهێناوە، لە بنەڕەتا فەرهاد بۆ دڵدارەکەی شیرین کێوی بێستون هەڵدەکۆڵێت، بەڵام شاعیر ئەرکی فەرهادی گۆڕیوە بۆ گۆڕینی نەخشەی زەوی ، واتە گۆڕینی ئامانجی فەرهاد کە بۆشیرین بوو واتە تاکەکەسی بوو بۆ ئامانجێکی کۆمەڵی ، کە گۆڕینی نەخشەی زەوییە بۆ گشتە لە پێناو خۆشەویستەکەی. لێرەدا گفتوگۆیەکی هونەری لە نێوان هەردوو دەقەکەدا ڕوویداوە.

**تەوەری چوارەم: پەنـــدی پێشینان :** پەندی پێشینان بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە و تایبەتمەندی خۆیی هەیەو بەشێکە لە کەلەپووری نەتەوەکەمان، بەو وتە جوانانە دەوترێت کەلە ئەنجامی تاقیکردنەوەو ئەزموونی ژیان هاتوونەتە بوون لە چەند وشەیەکی کورت و سەروادارداا.((بریتیە لە کۆمەڵێک وشە و زاراوە یان ڕستە یەکی کورت و پوختن ، کە بە شێوەیەکی جوان و سادە و ساکار لە ڕووی زمانەوە ڕێکخراون و دراونەتە پاڵ یەکتری ، بەڵام لە ڕووی واتا و ناوەڕۆکەوە واتایەکی زۆر و بەرفراوانی هەیە))(ئەحمەد،٢٠١٩، ٧٣)واتە بە زمانێکی سادەو جوان لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری و فەلسەفی ژیانی کۆمەڵمان بۆ دەردەخا ، لە باس و ڕووداوەکان و پێشهاتەکان خۆی دەبینێتەوە، چونکە پەندی پشینان کۆمەڵێ تاقیکردنەوەی خۆشی و ناخۆشی چینەکانی گەل دەردەبڕێ. پەندی پێشینان(( بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵکە ، ئەو پەندە هەمیشە لە لایی گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینەو لە کاری ڕەوشت و خووەوە، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد ، هەموو کردارێک ،چاک یان خراپ ،هەموو گەیشتنە ئامانجێک کە میللەت گەیشتبێ، دەچێتە تەرازوی پەندی پێشینانەوە))(ڕەسوڵ،١٩٧٠، ٧٨). بۆیە پەند قسەی ڕۆژانەی سەر زاری خەڵک بووە، خاوەنەکەی دیار نیە و بەرهەمی گەلە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر پشتاو پشت دەگوازرێتەوە، لەوانەشە گۆڕانکاری بەسەر فۆرمی پەندەکاندا بێت ، بەڵام گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکەکەی دا نایەت .هەر بۆیە لە لای زۆرێک لە میللەتان پەندی هاوبەش هەیە . پەندی پێشینانی کوردیش لە ئەزموون و دنیا دیدەنی گەلی کوردە، ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو نەهامەتیانە و تاڵی و شیرینی ژیانی گەلی کوردە کە سیمایی خۆماڵی و ڕەسەنایەتیان پێوە دیارە، شاعیریش دەیەوێت بیر و ئیلهامی خۆیی لەم پەندە جوانانە وەربگرێت و شیعرەکانی پێ برازێنێتەوە. **(لەتیف هەڵمەت)**یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە سوودی لە پەندی پێشینان وەرگرتووە لێزانانە وەکو ڕەمز ئاوێزانی شیعرەکانی کردووە بۆ زیاتر بە پێزکردن و ڕازاندنەوەی شیعرەکانی وێنەیەکی جوانی نیشانداوین.

**(گۆشتی ڕانی خۆت بخۆ،لە منەتی قەساب باشترە)**ئەم پەندە بە واتای ئەوە دێت سەر شۆڕ نەکەی بۆ ناحەزانت و خۆت شەرمەزاری کەس مەکە ،یان زۆر جاران بۆ منەت نەزانیت ئەو قسەیە دەکرێ. (لەتیف هەڵمەت) لە شیعری (شاری گوڵ)دا ئەو پەندەی وەکو ڕەمزێک بە هەمان واتا و مەبەستی خۆیی بەکارهێناوە و پێمان دەڵێت منەتی کەس هەڵنەگرین و سەر بۆکەس شۆڕنەکەین و دەڵێیت:-

**مەڕۆن مەڕۆن**
**تینوتان بوو میزی خۆتان بخۆنەوە**
**برسیتان بوو قوڕی زەوی بکەن بە نان**
**گۆشتی لەشی خۆتان بخۆن**
**بەڵام مەڕۆن**
**پەنجەکانتان**
**هەموو یەسقانەکانتان**
**بۆ شەڕی تر بکەن بە تیروکەوان** (هەڵمەت،٢٠١٤، ٢٤٦)

**(بەرد لە جێ خۆی سەنگینە )**،ئەم پەندە ئاماژە بەوە دەدات زۆرکەس هەیە لە کاتی ئاساییدا خزم ودۆستی خۆی لە بیر دەچێت ،بەڵام کە دەڕواتەوە جێگەیەکی تر سەیردەکات خەڵکی بە چاوەکی کەم سەیری دەکەن ناچار دەگەڕێتەوە شوێنی خۆیی و ناو خزمان .واتا پیاو یان ژن لە ناو کەس و جێگەی خۆیدا سەنگینەو ڕێزی هەیە . (لە تیف هەڵمەت)یش لە دەقەکەی دا لە دیوانی(ئەو هۆنراوەیەیی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ)ئاماژە بەم پەندە دەکات و وەکو ڕەمزێک ئاوێزانی دەقەکەی دەکات و جەخت لە سەر هەمان مەبەست دەکات و دەڵێت:

**بەرد لە هەر شوێن و جێگەیەکدا خۆیی دۆزیەوە**
**جێی خۆی دەکاتەوە**
**توند توند پێوەی دەلکێ ..!**
**بەرد هەرگیز یادی جێ ڕابردووی خۆیی**
**ناکاتەوە و خەمی بۆ ناخوا......** (هەڵمەت،٢٠١٤، ٢٩٦)

(دیوار بە گوێیە )ئەمەش پەندێکی پێشینانە گوزارشت لەوە دەکات کە لە هەموو جێگایەک دەبێت وریا بیت چی دەڵێت ، چونکە ئەوکەسانە زۆرن کە گوێ هەڵخەرن و قسە ئەهێن و ئەبەن و ناپاکن.

لەتیف هەڵمەت لە شیعری (لاوکانی منالانی ئەم سەردەمە )دا بە سود وەرگرتن لەم پەندە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دایکی مندالەکەی ئاگەدار دەکاتەوە کە بێدەنگ بێ نە بادا یەکێک گوێ بیست بێ . **ئەی دایە گیان منیش لاڵ بم هیچ سەیر نیە**

**ئەگەر چڵێ داری سوتاو** **زمان بگرێ و لەگەڵ خۆرو خودا بدوێ**
**هیچ سەیر نیە لە بابەتی گوڵ** **لەم خاکەدا برین بروێ...!**
**«رۆڵە بنوولەم شارەدا چی زۆرە.** **گوێ.....!** **(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٥٧)**

لەتیف هەڵمەت رەخنە لە دەسەڵاتی زۆردار دەگرێت و کە چۆن بە زمانێکی رەق و ئاگر و ئاسن رەفتاریان لەگەڵ کۆمەڵی کورد دا کردووەو مافەکانیان پێشێلکراوە : هێندە ئاگر
لەم زەوییە .. بەردراوە هیچ سەیر نییە
لوتکەی داری ئاگر بگرێ (هەڵمەت،٢٠١٤ ، ٢٣١) شاعیر بە سود وەرگرتنی لەوپەندەی دەڵێ(چی بچێنیت ئەوە دەدوریتەوە) بە ئاوێزانکردنی بەدەقەکەی وەکو رەمزێک رەهەندێکی سیاسی بە دەقەکەی داوە بەوەی دەسەڵاتدارن هێندە ستەمیان لە خەڵکی کردووە، ئیتر چی چاوەروان دەکرێ، تەنیا بە گڕداچونەوەو رق و بێزاری نەبێ، کە خەڵکی پیادەی دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان.
(لەتیف هەڵمەت) وابەستەیە بە رابردووەوە ، ئەو رابردووە رەسەنەی کە رەگی داکوتاوە و بوونی نەتەوەو شارستانیەتی میللەتان دەردەخا ، بۆیە دیاردە فۆلکلۆریەکان زیندو دەکاتەوەو بە ژیانی ئەمرۆی دەبەستێتەوە ، وەک لە سودوەرگرتنی لەو پەندەی دەڵێ(کوتەک لە بەهەشتەوە هاتووە) دەڵێت:
مەنون کوتەک دەزانێ چۆن سەهۆڵ بەندان دەسمرێت و دەتوێتەوە (هەڵمەت،٢٠١٤ ، ١٦٧)

**تەوەری پێنجەم: حیکایەتی فۆلکلۆری:** حیکاتیش بەشێکی گرینگی فۆلکلۆر پێکدەهێنێت یەکێکە لە کەرەستەکانی کەلەپووری نەتەوەکەمان((حیکایەتەکان بریتین لە رووداوی کورت کورت ،کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە دوای سەرهەڵدانی ئەفسانە و لە بەر ئەوە زیاتر رووی لە جیهانی واقیع کردووە و کەرەستەکانی لە رووداوەکانی ژیانی واقیعی وەردەگرێت.))(ئەحمەد ،٢٠١٩، ٧١) هەموو حیکایەتەکان ئامانجی دیاریکراویان لە پشتە جا بۆ کات بە سەر بردن و چێژ بەخشین بێت ،یاخود بۆ ئامۆژگاری و سوود وەرگرتن بێت. هەروەها حیکایەت((یەکێکە لە ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری، بریتین لە بیرۆکەیەکی کورت بە پەخشان دارێژراون))(ئەحمەد،٢٠١٩، ٧١) رووداوەکانی ناو حیکایەتەکان دەشێت روداوێکی رامیاری یان کۆمەڵایەتی یان دەروونی بن.هەروەها پاڵەوانەکانیش لەوانەیە گەنجێکی پێشکەوتوو بێت، یان منداڵێک ،یان پاڵەوانێکی مێژووی و نەتەوەیی بێت. واتا تەمەنی پاڵەوان و جۆری رووداو گرنگ نییە ،تەنها ئەوە نەبێ وێنەیەکی جوان و بەرز نیشانبدات. لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیش دا خەرمانێکی گەورەی حیکایەتی فۆلکلۆریمان هەیە .سەرەدەمەکەشی بۆ مێژوو دوور و درێژ و دێرینی نەتەوەی کورد دەگەرێتەوە شاعیرانیش هاتون سودیان لەم بەشە گرنگەی فۆلکلۆر وەرگرتوە و بەرهەمە شیعریەکانیان پێ بە پێزکردووە.
لەتیف هەڵمەت سودی لە حیکایەتی فۆلکلۆری (کورە کەچەڵ)وەرگرتووە ، کەچۆن وەک بچووکترین برا دەبێتە پاڵەوان، هەرچەندە لە روخسارەوە ناتەواوی کەموکوریەکی هەیە، بەڵام لە ناوەرۆکدا بە پێچەوانەوە هەڵگری هێزێکی زۆرە، لە پاڵ ئەوتێروانینەی، کە دەوروبەری هەیانە بۆی. (لەتیف هەڵمەتیش)وەکو رەمزێک لە شیعرەکەیدا بە مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ ئەم حکایەتەدا کردووە، ئەم رووداوە لە بیری شاعیردا ماوەتەوە، بەوەی لە سەرەتادا بەوە دەست پێدەکات و دەڵێت:(مناڵ بووم بۆیان دەگێرامەوە) کە ئەمە بۆتە کلیلی چونە نێو مەبەستی سەرەکی شاعیر، ئەویش مەبەستی لایەنە رامیاریەکەی سەردەمی خۆیەتی و دەڵێت:

وەکو کورە کەچەڵە چەندم حەز دەکرد گەورەبم
وەک پاڵەوانی ئەو گشتی مەتەڵە
پێ لە ئاوزەنگی هەر بەتەنها خۆم چەم و بیابان پەی کەم و برۆم
چل چرای شەوان لە قەلای دێوان
بێنم بۆ ماڵە تاریکەکەمان ....... (هەڵمەت،٢٠١٤ ، ٥٦) شاعیر بە گیانێکی یاخی بووانە ئەو هەستەی دەربریوە،

کە پاڵەوانی کورە کەچەڵ هۆکارێکی سەرەکی ئەم حەزەیەتی کە هەر لەگەڵیدایە تا بەدی دێت، کە قەلای دێوان مەبەستی دوژمنی کوردە و چل چرای شەوان مەبەستی مافەکانیەتی و ماڵی تاریکیش مەبەستی کوردستانە .
لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکی تریدا سودی لە حیکایەتی فۆلکلۆری (مام رێوی و حاجی لەق لەق)وەرگرتووە ، کەچۆن جارێکیان حاجی لەقلەق فێڵ لە مام رێوی دەکات بەوەی دەعوەتی دەکات بە نوکاو(دانوله)ی بۆ لێدەنێت و دەیکاتە ناو گۆزەیەکەوە دەمی گۆزەکە بەشێوەیەک دەبەستێت تەنها رێگەی دەنوکی خۆی هەبێت بچێتە ژوورەوە بۆ ناو گۆزەکە، هەر تاو ناتاوێ دەنوکی خۆی دەکات بەناو گۆزەکەداو دەنکەنۆکێک دەردەهێنێت و دەیخوات، فەرموو فەرمووش لە رێوی دەکات دەڵێت فەرموو بخۆ شەرم مەکە، ئێ ئەوی چۆن بخوات خۆ دەنوکی نییە، هەرچی بەدەوری گۆزەکە دەسورێتەوە هیچ سودی نییە، دەعوەت تەواو دەبێت و رێوی خواحافیزی دەکات، ئەویش لە دڵی خۆیدا دەڵێت ئەگەر من رێوی بم ئەبێت تۆرەی خۆمت لێبکەمەوە، دوای سێ رۆژ مام رێوی لەقلەق دەعوەت دەکات و ئەویش زۆری پێخۆش دەبێت و دەچێت بۆ ماڵی رێوی سەیردەکات مامرێوی مەنجەڵێک گەورەی (ئاردەوای)لێناوە هەڵیرژاندۆتە سەر بەردێکی گەورەوساف، ئینجا بە حاجی لەقلەق دەڵێت فەرموو نانەکەت بخۆ ئێ چۆن بیخوات هەرچی دەنوکی لێدەدات هیچ ناچێتە دەمییەوە خەریکە دەنوکی دەشکێت هەرچی بەدەوری بەردەکەدا دەسورێتەوە هیچ سودی نییە مام رێویش دووزمان بەبەردەکە دادێنێت هەمووی دەخوات، ئینجا حاجی لەقلەق تێدەگات رێوی حەقی لێ کردۆتەوە. (لەتیف هەڵمەت)یش لە شیعری (یاداشت)دا لە ژێر سێبەری ئەم حیکایەتە فۆلکلۆریەدا وەکو رەمزێک لە شیعرەکەیدا مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ ئەم حکایەتەدا کردووە، ئەم رووداوە لە بیری شاعیردا ماوەتەوە ، بەوەی لە سەرەتادا بەوە دەست پێدەکات و دەڵێت:(بردمیان .. بردمیان) کە ئەمە بۆتە کلیلی چونە نێو مەبەستی سەرەکی شاعیر ، ئەویش مەبەستی لایەنی بارودخی سیاسی سەردەمی خۆیەتی لە رابردوو، لە رووداوە مێژوویەکاندا کە چۆن دوژمنانی کورد گەلی کوردیان گەیاندۆتە زیندان و ئاوارەکراون تا ئەودیوی سنور، واتە رابردوو لە ئایندەدایە، بەڵام لە دواتردا شاعیر گەشبین و بە هیوایە، بۆیە بە ئومێدەوە دەڵێت:

بردمیان ... بردمیان... بۆ ئەوپەڕی جوغزی تاریکی زەوی
لێیان پرسیم: ئەی ئاوارە تەماشاکە... چیت لێدیارە...
بەقینەوە سەرم نایە کلاورۆژنەی ئەوینەوە

گوتم: بەردەقارەمان و مامەیارە...
بردمیان .. بردمیان
تورمیاندایە ئەودیو سنووری گەردوون
چی لە دڵتا بەجێماوە لە یادگاری ئەو هەوارە...
(هەڵمەت،2014،ل619)

***
بردمیان .. بردمیان
لێیان پرسیم: بڵێ ئێستا چیت لێ دیارە
وتم بەناوی ئاوباریک و گاورباغی و پیرەمەگرون

لێرەدا بەردەقارەمان ڕەمزە بۆ شەڕەکانی شێخ مەحموود بەرامبەر بە دوژمنانی کورد لە بەردەقارەمان و پاڵەوانیەتی مامەیارەو شەڕی ئاوباریک و ڕووداوەکانی گاورباغی کەرکوک و خۆڕاگری و بەرخودانی پیرەمەگروون، شاعیر دەمانباتەوە بۆ ڕووداوەکان لە ڕابردوو وابەستەی مێژووی کۆن بە ئێستاوە، شاعیر بە ئومێدی ئەوەیە گیانی تەبایی و بەرەنگاریبوونەوە سەرلەنوێ گەشەبکاتەوەو لەسەر لوتکەی شاخی پیرەمەگروون جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە وڵات و ئاوەدانی دەکەنەوە،

**تەوەری شەشەم : گــۆرانیی فۆلکلۆری:** گۆرانی شێوەیەکی کۆنی فلکلۆرە، کەلەپوورێکی نەتەوەییە، کە دەڵێن گۆرانی واتا شیعری بچوک و کورت.((گۆرانی کۆنترین بەشی ئەدەبی فولکلۆرە .هەروەک بەشێکی دیاریکراوی هۆنراوە ی لیریکە ، ئەم هونەرە لە زۆر کۆنەوە پەیدابووە ،هەر لەو کاتەوە کە هێشتان هۆشیاری گەل لە رادەیەکی نزم دابوو .))(ڕەسوڵ،١٩٧٠، ٥٩) واتە مرۆڤ هێشتان بەو رادەیە پێشنەکەوتبوو، بەڵکو هەر خەریکی کۆکردنەوەی بەروبوم و درەوکردن و ڕاو وشکاری و مەڕماڵات بوو ،هەر لەو کاتەدا لەبەر خۆیەوە شتێکی وەک و ئاواز و گۆرانی گوتووە .هەروەها گۆرانی ((بریتیە لە هۆنراوەیەکی کورتی لیریکی (ئاوازدار)، کە سەردەم و کات و شوێن و خاوەنەکەی دیار نییە، کۆمەڵگە بە خاوەنی دادەندرێت))(ئەحمەد ،٢٠١٩، ٨٥) شیعری فۆلکلۆری کاتێک بە گۆرانی و ئاوازەوە گوترایەتەوە بە زمانێکی سادە و ساکار بووە ،بە جۆرێک هەمیشە گوزارشتی ناخی کۆمەڵگەکەی بووە ،خۆشی و ناخۆشی و خەم و ئازادی سەردەمیان دەربڕیوە، گۆرانیەکان بە کۆمەڵ دەوترێت ،یەکێک گۆرانیەکە دەڵێت و ئەوانی تر تێکرا بە دوای دەڵێنەوە ، یانیش هەمووان پێکەوە گۆرانیەکە دەڵێن. گۆرانی لە سەردەمی ئێستا و ڕابردووشدا لە کاتی بۆنەکان و کارکردندا ، بە تایبەتی لە کاتی کارکردن بە کۆمەڵ و هەرەوەزدا هاوبەشیانە وتراوە .بۆ نموونە کاتی جوتیار زەوی کێڵاوە یان لە کاتی دوورێنە و ساوار کوتانەوە ..... هتد، لە هەریەک لەو بۆنانەو کارکردنانەدا گۆرانی تایبەت وتراوە تا ئەمرۆش ماوەتەوە .هەریەک لەو جۆرە گۆرانیانە دەرخەری ڕەوشت و دابونەریت و ژیانی گەل نیشاندەدات. ئەمەش کاریگەری لەسەر شاعیران هەبووەو وەکو ڕەمز ئاوێزانی دەقەکانیان کردووە .

گۆرانییەکی فۆلکلۆری هەیە دەڵێت :( **ئامۆزا تۆ باڵا بەرزیت ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزیت)**. لەتیف هەڵمەت یش لەشیعرێکیدا وەکو ڕەمزێک ڕەهەندێکی سیاسی و لەهەمانکاتدا کۆمەڵایەتیشی پێ بەخشیوە، وەک دەڵێت:

هەزارەها چەتەی برسی
ئەگەر دەستم نەگاتە تۆ
ئەگەر چۆلەکەی هەڵبەستم نەگاتە تۆ
ڕێگا دوورە ئامۆزا گیان (هەڵمەت، ٢٠١٤ ، ٣٠١)

تۆ دووریت و ڕێگا دوورە ئامۆزا گیان
لەنێوان سنوورە ئامۆزاگیان
گەر مژی ماچی خەستم نەگاتە تۆ
لێم ببورە...

لە تێکرای شیعرەکەدا (ئاموزا گیان ) دووبارە دەبێتەوە، لە ناونیشان و وێنەو ڕستەی شیعرەکەدا ڕەنگدانەوەی گۆرانییە فۆلکلۆریەکە بەدی دەکرێت.

لە نمونەیەکی تردا (لەتیف هەڵمەت) سودی لەم گۆرانییە فۆلکلۆرییە وەرگرتووە، کە دەڵێ : «ئەمبەر و ئەوبەر دەکەم بە بێستان شەمامە بگرێ لە بۆ کوردستان »

لەتیف هەڵمەت دەڵێت:
بە برژانگی چاو
گوڵە سوورە و هۆنراوەی زۆر جوان
مندالانی داهاتووی جیهان (هەڵمەت ،٢٠١٤، ٤٠٦)

ئا ئەوە تا من ئەم زەوییە دەکێڵم
هەمووی دەکەم بەبێستان
بگرێ بۆ

لێرەدا لە تیف هەڵمەت تەنها لە سنوری کوردستان نامێنێتەوە ، بەڵکو هۆنراوەکانی بۆ مندالانی جیهانیشە.

لەتیف هەڵمەت لە شیعری (لاوانەوەی باخچە هەڵواسراوەکانی بابل)دا دەڵێت:-

بۆ بــاران
بۆ ئاو بۆ ناو
«هەیاران و مەیاران
بۆ فەقیرو هەژاران » (هەڵمەت ،٢٠١٤ ، ٤٨)

گریاین.......گریاین
هاوارمان کرد وەکو جاران
خوایە بیکەیتە باران

لێرەدا ( لەتیف هەڵمەت) دەقێکی فۆلکلۆری تێهەڵکێش و ئاوێزانی شیعرەکەی کردووە و ئیلهام بە خشی بووە، ئەویش ئەو دەقە فۆلکلۆریە لە کاتێکدا لە کۆندا وتراوە کە باران نە باریوە دەغڵ و دان پێوستیان بە ئاو بووە جوتیارو هەژاران بژێوی ژیانیان لەسەر ئەوە بووە بۆیە تێکرا ئەم گۆرانییەیان وتووە .((هەیاران و مەیاران ،خوایە بیکەیتە باران ،بۆ فەقیرو هەژاران)).شاعیر وەکو ڕمزێک هێناویەتییەوە دەیەوێ لەڕێگەیەوە مەبەستێکی سیاسی دەربڕێت و داوای ماف و خواستەکانی گەلەکەی بکات.

لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکی تریدا سودی لەم گۆرانییە فۆلکلۆریە وەرگرتووە کە دەڵێت: (نامە دەنوسم بۆ خوێنی دڵم دەیدەم بە شەماڵ بیبا بۆ گوڵم )

شاعیر ئەم دێرە هۆنراوە فۆلکلۆریەی ئاوێزانی دەقەکەی کردووەو بە هێماو ڕەهەندێکی تر دەربڕیوەو دەڵێت :

بەڵام من بە دڵۆپەی خوێنی جەرگی خۆم
کە خۆشیان دەوێم و

شیعر بۆ چاوی ئەو کچانە دەنوسم
خۆشیان ناوێم ... (هەڵمەت،٢٠١٤ ، ١٩)

## ئەنجام

1- بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری لە دوای حەفتاکان هۆکار بوون بۆ زیاتر دەرکەوتنی سیماکانی ڕەمزییەت لە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، ڕەمز بەو شێوازو چەمکە نوێیە لە ئەدەبی کوردیدا زیاتر دەرکەوت و لای (لەتیف هەڵمەت)یش زیاتر چڕتر خۆیان دەنوێنن ،

ئەمەش بەهۆی پەرەسەندنی رۆشنبیری شاعیرو ئەو پاشخانە رۆشنبیرییە بەرفراوانەی شاعیر لە بارەی فۆلکلۆرو کەلەپوورو مێژوو ... هەیەتی، بەم جۆرە لە تەك جوانكاری مەبەستە سیاسیەکانیشی پێکاوە.

2- شاعیر لەبەر سانسۆرو نەبوونی ئازادی، ناچار بووە پەنا بەرێتە بەر رەمز، تاکو پەیامەکەی بگەیێنێت ، تەنانەت بەمەبەستی دەرخستنی حاڵەتە ناکۆکەکان پەنای بردۆتە بەر رەمزی دوالیزم دژیەك تا ئامانجەکەی پێ بەرجەستە بکات.

3- لەتیف بە پێی ئاستی رۆشنبیری و مەعریفی و هۆشیاری خۆی مامەڵەی لەگەڵ رەمزدا کردووە ، گوتارەکانی هێڵێکی دیاریکراوی سیاسی و ئازادی نیشتمان و تاکی کورد و پراکتیزەکردنی خەونەکانییەتی ، بۆیە رەمزی کەلەپووری وەك چەکێکی کاریگەر بۆهۆشیارکردنەوە بەکارهێناوە.

4- کەلەپوورو ئەدەبیاتی فۆلکلۆر وەک رەمز بەشێوەیەکی بەرفراوان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا رەنگیداوەتەوەو (لەتیف هەڵمەت) زۆر وەستایانە توانیویەتی بیرو بەهرەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی هەڵمژێ و قوڵبێتەوە لە نێو فۆلکلۆرو سەرلە نوێ بە شێواز و یاساو میکانیزمی جیاوازەوە دایڕشتۆتەوە، کە زیاتر مۆرکێکی کەلتووری و فۆلکلۆری نەتەوەییان پێوەدیارە ، بیرۆکەکانی وەک خۆی وەرنەگرتووە ، بەڵکو گفتوگۆیان لەگەڵدا کراوەو بە واتا فەلسەفییە جۆراوجۆرەکان و نزیک لە بیرۆکەکەش و بەستراونەتەوەو مانای تریشیان لێ دروستکراوە، بەشێوەیەکی زۆر جوان لەگەڵ شیعرەکانی خۆی ئاوێتە کردووە، کە خۆی زیاتر لە تواندنەوەو هەڵمژین و دیالۆگ نزیککردۆتەوە.

5- شاعیر توانیویەتی لە رێگەی رەمزە کەلەپوورییەکانی ئەفسانە و داستان و حیکایەت و کەلتوور و پەندی پێشینان و گۆرانییەوە رووداوەکان و ناهەمەتی و کێشە سیاسیەکان بخاتە روو، توانیویەتی نوێخوازانە مامەڵەی بکات و سیمایەکی نوێ بە شیعرەکانی بدات، بۆیە شیعرەکانی پێویستی بە وردبینیەکی قوڵ هەیە ، چونکە نادیارو تەمومژاوییە.

## سەرچاوەکان


1- ئەحمەد، کەیفی،2019، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم، سلیمانی.

2- بەسیر ،کامیل حسن، 1983، رەخنەسازی (مێژووپەیرەوکردن)، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، بەغدا.

3- دیوانی لەتیف هەلمەت،2014، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم،تاران.

4- حەمەد ، د.پەخشان سابیر، 2012، رەمز لە شێعری هاوچەرخی کوردیدا .کرمانجی خوارووی کوردستان، 1970-1991، چاپخانەی حاجی هاشم لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمی کوردی، هەولێر.

5- حەسەن،د.ئیبراهیم، 2012، رەنگدانەوەی کەلەپوور لە رۆمانی کوردیدا(باشووری کوردستان1985-1991)،لەچاپکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کورد، چاپخانەی رۆژهەڵات-هەولێر.

6- رەسول، 1970، عیزەدین مستەفا ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، بەغدا.

7- سەیدحسێنی ، رەزا ،2006، قوتابخانە ئەدەبییەکان ، وەرگێرانی :حەمە کەریم عارف ، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

8- شەمیسا،د.سیروس ،2018، رێبازەئەدەبییەکان ، وەرگێرانی هیمداد حوسێن ، سەنگەر نازم ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، هەولێر.

9- عیزەددین، سامان، 2010، بنیاتی هونەریی لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا چاپخانەی کەمال، وەزارەتی رۆشنبیری بەرێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلیمانی، سلێمانی.

10- مەعروف ، د.کەمال ،2007، رەخنەی نوێی کوردی ، وەزارەتی رۆشنبیری بەرێوبەریەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلیمانی ، سلیمانی.

11- میراودەلی ، کەمال مەمەند، 1979، فەلسەفەی جوانی و هونەر(ئیستاتیکا ، چاپخانەی زانکۆی سلیمانی. گۆڤار

12- غەمبار، کەمال، 1996، ئەنوەر مەسیفی و هەنگاونان بەرەو نوێخوازی،گۆڤاری رامان،ژمارە1، هەولێر.

13- احمد ، د. محمد فتوح،1978، الرمز والرمزیە فی الشعر المعاصر ، دار المعارف ، القاهرە.

14- الأیوبی ، یاسین، 1982، مذاهب الأدب . معالم و انعكاسات ، الجزء الثانی . الرمزیە ، المؤسسە الجامعیە للدراسات والنشر و التوزیع، بیروت، لبنان.

15- بقاعی ، د.شفیق ، هاشم ، د.سامی، 1979،المدارس و الأنواع الادبیە، مكتبە العصریە، صیدا، بیروت.

16- الجندی ، د. درویش، 1985، الرمزیە فی الأدب العربی، مكتبە النهضە مصر ، القاهرە.

17- عبدالنور ، جبور،1984، المعجم الادبی ، دار العلم للملایین ، بیروت.

18- عباس ، د. احسان، 1959، فن الشعر ، دار بیروت للطباعە ، بیروت.

19- غریب ، روز ، 1971، تمهید فی النقد الحدیث، دار المكشوف ، بیروت.

20- سیدرضا ، حسین ، 1376، مكتبهای أدبی، جلد دوم، تهران.